# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛نها.

**ژمارە ١٦ـ ٨ی گوڵان ٢٧١٨**



**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

جێگر بەختیار

موحسین سوبحانی

بیژەن ڕەحمانی

ناسر فەتحی

شەرمین ساڵحی

هیوا بەیرامی

**وتووویژ:**

عەلی ئەشرەف دەروێشیان

لەگەڵ سەلاحەدین بایەزیدی

**چیرۆکی میوان:**

شاناز جەوانشیر

هێمن عەبدوڵاپوور

خەبات حەمید

**بەتامی چیرۆک:**

لاپەڕە ٤٨ ...

**ئامادەکاران:**

ئەمیر سیراجەدین

ناسر فەتحی

| RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.**

- چیرۆکی کارگەیی
- وتووویژ
- چیرۆکی میوان
- بەتامی چیرۆک


- ئامادەکاران:

ئەمیر سیراجەدین

ناسر فەتحی


٨ی گوڵان ٢٧١٨

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم

**«کازیوە»**

لەو کازیوەیە بەولاوە ئیدی من بە مەزەنەی هەستەوەرەکانی بۆن و بیستنم دنیا دەناسمەوە. کە بۆ دواجار بە ناو تەمی بەیانی حەساری بەندیخانە و لەگەڵ شنەی دەم بەیان دا و بە چاوبەستراوی بەو پێپلیکانانەدا بۆ بن سێدارەکە سەریان خستم، ئەفسەرێک بە گاڵتەجاڕییەوە مێخەکێکی پەکێنراو، کە دایکم دایبوونێ، وەک دوا یادگار کردیە ملم.

گورگومێش بوو و من بە تەنیا نەبووم .

دەنگی لوورەی گورگ و میرەی چەقەڵم بەرگوێ دەکەوت. ژاوەژاوی کەمتیاری برسی لەو بەرەبەیانەدا لە گوێمدا دەزرینگایەوە. هەستم دەکرد هەتا تەنافەکەش کەفی بە لالێودا دێتەخوارێ و چاوەڕێمە. هەستم دەکرد ژێر پێی بن سێدارەکەش پەلەیەتی تا بەر لە شەبەق جارێکیتر بترازێ. بەڵام من لێیان نەپرینگامەوە. دەمزانی بێگومان سەردەکەوم. وەک هەڵم و تەپ و نمی ئەو کازیوەیە سووک سەردەکەوم. بێ باکانە دەڕۆیشتمە سەرەوە. هەرچی تەناف بینی دەگوشیم من سووک دەبووم. هەرچی نەفەس تەنگتر دەبوو من سووکتر دەبووم. کە ژێرپێم دەلەقی من موحکەمتر دەبووم. دەنگی لوورەی گورگان دەهات و من با ڕایدەوەشاندم. ژاوەی کەمتیاران دەهات و من بۆ ئاسمان هەڵدەزنام.

بەرەو ژوور هەڵدەکشام. هێند بەرەو ژوور کە چیدی ویزەی با نەبێ دەنگی گیانلەبەرم نەدەبیست. هێند سووک بووم کە شنەی ئەو بەیانییە بۆ هەر کوێیەک بیویستایە دەیبردم.

لێم دیار نییە چەندی بە سەر ئەو سێدارەیەدا هەڵچووم و وەک ئاڵا شەکاومەتەوە. بەڵام کە دابەزیم بڕیارم دا نەگەڕێمەوە بۆ لای دایکم. لەو بەیانییەوە ئیدی من ڕۆحلەبەرێک بووم بە چاوبەندێکی ڕەشەوە کە بۆنی مێخەک بە دنیادا دەگێڕێ. دوای ئەو بەیانییە نازانم چەندم لە شوێن و زەمان بڕیوە.نازانم بە چەند شوێنی نادیار و چەندین ساتی غەریبدا تێپەڕیوم. هێند هەیە شەوێک کەوتمە وڵاتێکەوە گیانەڵای منالێکی برسیم دەبیست کە بە ڕمەی پێی ئەو ڕێبوارانەی سووک بەلایدا تێدەپەڕین، دیاربوو بێجگە لە من کەس نایبیستێ. جارێک لە شارێکی قەرەباڵغ دابەزیم چەقەی ددانی کەسێکم بیست کە کەس گوێی لێ نەبوو. جارێکیش کەوتمە ناو حەشیمەتێکەوە کە پێدەچوو لە شتێک ناڕازی بن.ئەوان دروشمیان دەدا و من هێلنجم دەدا. ئەوان دەنگیان هەڵدەهێنا و من دەڕشامەوە. لە شوێنێکیشدا کەوتمە ناو گۆمێکی خوێنەوە. لە شوێنێکی دی کەوتمە گێژەنی شەڕێک

و لە شوێنێکیش ناو قڕانگەیەکەوە. من بە خۆم و جلێکی بازگ و چاوبەندێکی ڕەش و دەمپاییەکی کۆنی کەوەوە هەموو دنیا گەڕام. لەمسەری دنیاوە هەتا ئەوسەری بۆنی مێخەکی پەکێنراوی دایکم بڵاوکردەوە. لە نووزەی زگی برسییەوە بگرە هەتا قرچەی سوقانی سەرمابردەڵەیەک، لەدەنگی ئەو گوللەی بۆ ئازادی دەتەقێنرێ هەتا هەڵقرچانی جەستەی قوربانییەکی جەنگ، هەر هەموویم بیست. لە کامپەکانی ئاوارەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و لە ناو جەنگاوەرانی ئافریقا و لە ڕەش و ڕووتەکانی بیابانی ئەوێ و لە بەر دەرگای دادوەرانی جیهان و لەناو هۆڵی هەموو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و لە ساڵۆنەکانی بوورس و ناوەندە سیاسییەکان لەنگەرم گرت و بۆنی مێخەکی دایکم بڵاو کردەوە. کەچی کەسێک نەبوو بۆنی مێخەکی دایکی بەندییەکی مافخوازی کورد بژنەفێ و دەست بەرێ و چاوبەندەکەی بۆ بکاتەوە.

دواجار ئەوە من بووم کاس و بێ هیوا لە هەموو دنیا بڕیارمدا بگەڕێمەوە بۆ لای دایکم. لە ڕێی گەڕانەوەدا لە هەر وڵاتێک دەنکێک مێخەکم جێهێشت. کە گەیشتمەوە کوردستان سۆراغی دایکم بە بۆنی ملوانکەی مێخەکیەوە گرت و هەر زوو بینیمەوە. هەرکە چاوبەندەکەی بۆ کردمەوە لەسەر گردێک کە لە ئاسۆوە گزینگی دەدا بە هەزاران داربەڕوو و بێ ژومار کێل کە هەرکامیان پێرەژنێکی لەسەر بوو، دایکم دیتەوە کە دوو فرمێسک لەمێژەوە بە ناوچاوانی قەتیس بوون و بینایی نەمابوو و بە بۆنی مێخەکەکەی خۆیەوە ناسیمیەوە !

*** موحسین سوبحانی**



**«خۆکوژنە»**

خۆشحاڵم کە بڕیاری سێدارەیان بەسەردا سەپاندووم. سبەی کە بردیانم هەڵمواسن، بە دڵقایمییەوە دەچمە پای دار. هەنگاوەکانم بێ ترس هەڵدێنمەوە. لەوانەیە پێتان وابێ قارەمانانە بەرەوپیری مرگ دەچم؛ نا، وەک جەلادێک دەچم! جەللادی ڕۆحی خۆم! لۆمەتان ناکەم لەوەی بێ ئاگاداری لەدەروونم منتان پێ قارەمانە؛ دەکرێ هەربەڕاستیش من بۆ ئێوە قارەمان بم؛ بەڵام بۆخۆم دۆڕاوێکی شایانی مردنم. بە دڵ پێم خۆشە دەستی ئەو جەللادەی پەتەکەم لە مل دەکات ماچ بکەم. بەڵێن بێ، هەرکە شەقیان لە کورسییەکەی بن پێم هەڵدا، بۆخۆشم تەکانێکی بەهێز لەخۆم بدەم، بۆ ئەوەی پێش ئەوەی بخنکێم ملم بشکێ؛ با تەنانەت دەسەڵاتی پەلەقاژەشم نەبێ. ئەگەر لەسەر دار ئەو بەختەم پێ بدەن و لێم بپرسن: "دوایین داواکاریت چییە؟" دەڵێم: "تەنیا چاوەکانم بکەنەوە، تکایە!" بەڵکوو لە کاتی گیاندان دا بە چاوی خۆم ببینم کە چۆن ڕووناکی و ئاسمان و ئازادیم لەکیس خۆم دا! ڕاستە من بەپێی یاسایەکی عادڵانە بێ تاوانم. بەڵام بە ڕۆح و گیان پێشوازی لەم یاسا ناعادڵانەیە دەکەم کە دەیهەوێ هەڵمواسێ. لەنێوان یاسایەکی عادڵانە و یاسایەکی ناعادڵانە یاسایەکی دەروونی هەیە کە ئەگەر کاری پێ بکرێ مرۆڤ نە لە یاسای ناعادڵانە دەپرینگێتەوە، نە منەتی بە یاسای عادڵانە هەیە.

ئەگەر ئەو شەوە تا ئەو ڕادەیە بەرم بۆ ئازایەتی بەرەڵا نەکردبوایە و، ئاوڕێکیشم لە مەترسی دابوایەتەوە، ئێستا من بۆ دەهاتم بڵێم: "خۆشحاڵم کە بڕیاری سێدارەیان بەسەردا سەپاندووم...؟"

❋ ناسر فەتحی



## «هیوایەک»

**مەترسە!**

دەنگی پۆستاڵی ئەو جەلادانە با نەت ترسێنێت، نەهاتوون تۆ بەرن. بە دەستت گوێیەکانت مەگرە. بەرواری ئەمڕۆ لە سەر بنوسەوە، ڕەنگە ئەمە باشترین دەرفەتی ژیانت بووبێت. بڕوانە تروسکایی خۆرکە لە دەڵەزی دیوارەکە دێتە ئەم ژوورە تاریکەت، تروسکایی ژیانت ببینە. تۆ دەتوانیت بژیت. دەتوانیت بەردەوام بیت لە خەون بینین، لێرەوە خەون ببینە بە ئازادی، بەردەوام بە لە خەون بینن بە ئازادی نیشتمانەکەت. ڕۆژێک دا دێیت دیوارەکان بڕوخێن و خۆر لە جیاتی تروسکایی پڕ بە باوەشت ڕۆشنایت پێ بدات. ئەم کۆتانەش دەشکێن، ئەم دیوارانەش دەڕوخێن. گوێچکەکانت بەردە، گوێت بنێ بە دیوارەکە، منداڵەکان وا دێن، تاکو گەورە ببن لە شوێنی تۆ لە چیایەکان بەردەوام بن. دێن و هیچ ناترسێن، هێز و غیرەتان هێناوە، بۆ ئازادی تێدەکۆشن، لەو شوێنەی کە تۆ لێی دەست گیر کرای بەردەوام دەبنەوە. گوێت لێیە وا منداڵەکان دێن و زۆر چاو نەترسن، چاک دەزانن گەر وەکو تۆ دەست گیریش بکرێن و پەتی سێدارەیان بۆ هەڵ بواسرێ هەر بەردەوام دەبن لە سەر ئەو ڕێگەیەی کە هەڵیان بژاردووە. تۆش وا بوویت لە هەر منداڵیەوە چویتە سەنگەر و بەردەوام بوویت، تاکو ئەوکاتەی لە یەکێک لەو ئۆپراسۆنانەی بۆ ئازادی کردتان. لە نیوەشەوێکی ئەنگوستە چاو دا پەلاماری بارەگەکانی داگیر کەرانتان دا. نەتان زانی ئەوان لێتان لە کەمینن، نەتان زانی خۆ فرۆشان هەوڵیان پێداون. کاتێک چوون شوێنەکەیان چۆڵ کردبوو، لە دوواوە لێتان سوڕانەوە و گەمارۆیان دان. دەرفەتی بەرەنگاریتان نەبوو، بە ناچاری چەکەکانتان دانا و خۆتان ڕادەست کرد. تۆ و ئەو شەش هەڤاڵەی لە گەڵت بوون نێردران بۆ زیندانی، شوێنی زۆرینەی ئەو کەسانەی داوای ئازادی نیشتمانیان دەکرد و لە پێناو ئەم مافە ڕەوایە دەستگیر دەکران. دوایی دادگای کردنتان بڕیاری لە سێدارە درانتان بۆ دەرچوو، لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ لە سێدارەت بدەن. جەلادان هاتن و کەلەپچەیان کردە دەستان، چاوەکانتان بە پەڕۆی ڕەش بەسترا، ئێوەیان برد و پەتی سێدارەیان کردە ملتان، ئەوان دەرفەتی دووایین داوایان بە ئێوە دابوو کەچی ئێوە بە یەک دەنگ سرودی ئەی ڕەقیباتان دەهۆنیەوە. فەرماندەکەیان هاواری کرد کە تەواو ئیتر با لە دارتان بدەن. گوێت لە دەنگی ئەژنۆکانی خۆت بوو کە بەر زەوی کەوتن، ئیتر لە هۆش خۆت چوویت. کە هۆشت هاتەوە خۆتت لێرە بینیەوە لە ژووری زیندانیەکە. مەترسە! تۆ ڕزگارت بوو، پەتی سێدارەکە پچرا و جارێکی تر ناتبەنەوە بۆ لە سێدارە دان.

*** جێگر بەختیار**

## «جۆلانە»

من دەرەقەتی کەس نایەم. تەنانەت هێزی بەربەرەکانی لەگەڵ خۆشم نییە; چ بگا لە گەڵ خودا! کەچی ئەوە ماوەی حەوت ساڵە لەو چواردیوارییە دا; بە تاوانی شەڕکردن لە گەڵ خودا بە دیل گیراوم.

ئاغای زیا لە قوتابخانە پێی دەکوتم: لە حیساب و هەندەسە گەڕێ; مێشکی تۆ دەبێ بۆ نووسین تەرخان بکرێ! نازانم; بۆخۆشم نازانم چۆن سەرم لە زانکۆی ئەندازیاری دەرێنا!

ڕەفیقە شاعیرەکانم بە شاعیرێکی ویشک و بێ زەوقم دەناسن; ڕەفیقە ئەندازیارەکانیشم بە ئەندازیارێکی ڕۆمانتیک و بێ خەیاڵ! باشە ئێوە پێم بڵێن سینووسی قوولینچکی دەروازەی یەکسانی کاتێک ڕوو لە سیفر دەکا; ئایا دەگونجێ بیبەینە ژێر ڕادیکاڵ و داوای ماڵیات لە هەژار بکەین؟! یان کێشی تایبەتی ماکە قورسە متالیکەکان گەر بە ئاوی زمزم بشۆرێ; دەکشێتە خوارێ؟! تۆ بڵێی تیشکی ئەوپەڕە بنەوشی کوڕەگەنجێک لە مەودای تاریکی چارشێو ڕەد بێ؟!

سی و سێ جار لە ژیانم دا لە کاتژمێر ٥ی بەیانی ٢٩ی خاکەلێوە ڕەد بووم; بەڵام هیچ کات لەبیرم نایا هەستم بەوە کردبێ لە ئاوەها ڕۆژێک دا; لەو دنیایە سەفەر بکەم! بە تاوانی بیر کردنەوە لە بازنەی بەرتەسکی هەرێمی یاساغ, ڕۆژی ٢٩ی خاکەلێوە, کاتژمێر ٥ی بەیانی چوارئێسکەکەم بە سێدارەوە جۆلانەی کرد. ڕوحم لە سێدارە فڕی و ئاغای زیا فریام نەکەوت! چوومە ناخی جەستەی بیرمەندێکی دیکە!

* بیژەن ڕەحمانی





## «جەژنی لە دایک بوون»

هەژدەی گەلاوێژ دەبووم بە ٢٩ساڵی تەواو، هاوڕێکانم هەموو شوێنێکیان خاوێن کردبوو، پەتووەکانیان ڕێک و پێک دەق کردبوو، تەنانەت سەرپێییەکانیشیان لە بەر تەختەکانیاندا جووت کردبوو، بۆنی عوود لە تەواوی بەندەکە بڵاو ببووەوە؛ چل کەس دەبووین کە بە دەور کەیکەکەدا حەڵقەمان بەستبوو؛ کەیکێکی شوکولاتی زۆر سادە بە ٢٩ مۆمی بچووکەوە.

هەستم بە خۆشییەکی ئێگجار زۆر دەکرد و دڵخۆش بەوەی دنیایی بوونم جەژن دەگرت، نازانم بۆ هاوڕێکیانم، فرمێسک لە گۆشەی چاوەکانیاندا قەتیس مابوو، نازانم بۆ لە دایک بوونم دڵخۆشی نەدەکردن. مەگەر دەکرێ لە جەژنی لە دایک بوونی هاوڕێکەتا بیت و لە جیاتی هەڵپەڕین و خۆشی دەربڕین، بە بێدەنگی فرمێسک بڕێژی؟...پێیان وابوو نازانم کە چەندە بێخولق و دڵگیرن. هاوبەندییە نزیکەکانم، ئەوانەی ئیزنی بینینی کەس و کاریان هەبوو، هەموویان شتەخواردەمەنییەکانیان کە بۆیان هێنابوون، بۆ جێژنەکە دایاننابوون. کوتم: ماڵتان ئاوا بێ جا ئەمە جەژنە بۆ منتان گرتووە یا ساڵوەگەڕی مردنە؟ بەم جۆرە ئێوە ماتتان کردووە خواستەکەم بە دی نایەت. کوتم: من لە دایک بووی گەلاوێژم؛

مەگەر نازانن گەلاوێژییەکان چەندە خۆش دەماخن؟

نازانن ئاشقی خۆشەویستین و حەز دەکەن خۆشەویستانیان نوقمی خۆشەویستییان کەن؟

مەگەر نازانن گەلاوێژییەکان بەهێز و خۆڕاگرن...؟ هەهەهە نازانی چۆن بەم قسانەم ئاگریان تێبەر ببوو و بە یەکڕا دەیاندا پرمەی گریان...

کەسێک بە قاقەزێک بە دەستەوە، دەستی کرد بە خوێندنەوە، نێوەکان کە

تەواو بوو هەموویان ئاهێکیان لە ڕووی ئاسوودەیی هەڵکێشا، کە وادەی مەرگیان بۆ دووا خستبوون؛ منیش ئاهم هەڵکێشا نە لە ڕووی ئاسوودەیی دواکەوتنی وادەی مەرگم، بەڵکوو لە بەر ئەوەی دوای چەندین مانگ دیسان دەمتوانی چاوەڕوانی بۆنی مێخەکی سینە و بەرۆکت بکەم، کە هەوڵەکانم بۆ دیتنت بێ ئاکام مابوو؛ دەزانم هەموو شەممەیەک بە هیوای دیتنم، چەندین کیلۆمێتر دەهاتی و چەندین کاتژمێر لە بەر دەروازە سەوزەکەدا دادەنیشتی و دوای بێ هیوا بوون لە بینینم، دەگەڕایتەوە. هاوڕێکانم هەموویان لە ئامێزیان گرتبووم و شادییان دەردەبڕی کە ئەم جارەیشیان، مەرگ لە سەرم تێپەڕیووە؛ لەو کاتەدا کە هەر چل کەسمان پێدەکەنین لە پڕ کەسی قاقەز بەدەست گەڕایەوە و کوتی: لیستی نوێ هاتووە و بێدەنگی ڕاگرن تاکوو ناوەکان بخوێنمەوە؛ ئەم جار هەموو لە جێی خۆیاندا وشک بوون؛ من دەستم دەکوتی بۆ گیرفانەکانم، هەموو دەیانزانی بۆچی دەگەڕێم؛ نە گیرفانی کراسەکەم، نە پانتۆڵەکەم، تاقە جگەرەیەکی تێدا نەبوو، لە چەند چرکەدا دەیان جگەرەی داگیرساویان بە ڕوودا گرتم؛ یەکیانم گرتوو و دانیشتم دەستم کرد بە کێشانی، پێکەنیم و کوتم: ئەگەر کوتتان ئەم جگەرە چی کەمە؟ کەس وڵامی نەئەدامەوە هەموو بێدەنگ بوون، قاقا پێکەنیم و کوتم: چای؛ ئێستا چای خۆشە هاوڕێیان؛ هەموو هاوبەندییەکانم دەستیان کرد بە گریان؛ ڕێبوار چایی تێدەکرد،

کوتم: ڕێبوار مەردی خودا بە فرمێسکەکانت مەڕژێنە نێو ئەو چاییە...

کوتم: مەکەن هاوڕێیان دەبێ دیمەنێکی جوان بۆ منداڵان و نەوەکانی داهاتوو و مێژوومان بە یادگار جێبهێڵین؛ هاوڕێیان! واز لە گریان بێنن، دەڵێن دوایین خواستت جگە لە بینینی دایکت جێبەجێ دەکەین، من داوای کەیکم کردووە، با ئێرە جوان خاوێن کەینەوە. ١٨ی گەلاوێژ بوو، ژوورەکەیان خاوێن کردبووەوە، پەتووەکانیان ڕێک و پێک دەق کردبوو؛ تەنانەت سەرپێییەکانیشیان لە بەر تەختەکانیاندا جووت کردبوو؛ چل کەس دەبووین کە بە دەور کەیکەکەدا حەڵقەمان بەستبوو؛ کەیکێکی شوکولاتی زۆر سادە بە ٢٩ مۆمی بچووکەوە. هەستم بە خۆشییەکی ئێگجار زۆر دەکرد و دڵخۆش بەوەی دنیایی بوونم جێژن دەگرت، هەموو پیرۆزبایی لە دایک بوونمیان لێ دەکرد، بەڵام نازانم بۆ فرمێسکەکان لە گۆشەی چاوەکانیاندا قەتیس مابوو... نیگابانەکە لەو دیو مێلەکانەوە سەیری دەکردین؛ فووم لە مۆمەکان کردوو و

کوتم: ڕێبوار لەتێ کەیک ببرە بۆ ئەو نیگابانە، با ئەویش لەم جێژنا بەشدار بێت...دەی بیخۆن هاوڕێیان ئیمشەو لە دایک دەبم من دڵخۆشم ئێوەیش دڵخۆش


بن؛ هێشتا جەژنەکەمان کۆتایی نەهاتبوو، دوو سەرباز هاتنە نێو بەندەکەوە، دەمزانی بە دوامدا هاتوون، دەسبەند و پابەندەکانیان بۆ بەستم، زنجیری پابەندەکانم لە نێو سالۆنەکە سازی سەربەستی دەژنی و منیش بە دەنگی بەرز گۆرانییەکەیم دەکوت: دە گوێ


تێبینی: (بە سەرنج لە ڕێکەوتی لە دایک بوون و مردنی سیروان نژاوی، کە هەردوو یەک ڕێکەوت بووە، نووسیوومە)

هەڵخەن ئەی ڕەقیبان ...خۆشیتان بێ تاڵیتان بێ...

دایە! چەندە بە تاسەی بۆنی ئەم مێخەکەتەوە بووم.

*** شەرمین ساڵحی**





## «تابۆ»

دەترسم. ئەوە درۆیە کە دەڵێن کەس لە سێدارە ناترسێ. ئەمن پێموایە هەموو ئەو قارەمان و گەورەپیاوانەی لە سێدارە دراون، هەرچەندێکیش بە غیرەت و چاونەترس و بەجەرگ بوبن، هەر لە سێدارە ترساون. بەڵام جیاوازیی‌یان لەگەڵ ئەو کەسە جینگنۆک و بێغیرەتانە هەیە کە دەیکەنە دادوفیغان و هەزارویەک پاساو بۆ کارەکانیان دێننەوە و یان دەنا لە هەرچی هەیانە و کردوویانە پاشگەز دەبنەوە. ئەمن دەترسم. دڵنیام قارەمانەکانیش هەر ترساون. کارم بە وەی نەداوە کە کێ و چۆناوچۆن لە داری داون بەڵام هیچ گومانم لە ترسەکەیان نییە.

دەبێ بڕۆم. دەبێ لە پیلکانی یەکەم وەسەر کەوم. هەنگاوم شل نییە و نەڕووخاوم. سینگیشم هێناوەتە پێش و زەردەیەکیش لەسەر لێومە. نایەڵم ترسەکەم کار لەسەر ڕواڵەتم بکات. پیاوی ئازا دەترسێ بەڵام باسی ترسەکەی ناکات و نایەڵێ کاری‌تێ‌بکات.

پیلکانی دووهەمیش دەبڕم.

"سڵاو خۆشەویستەکەم. نازانم چەند خولەک یان کاتژمێری دیکە دەژیم. زۆرم نەماوە. ئێستا بەرەبەری بەیانی‌یە. ئێستاش بۆم ڕوون نەبۆتەوە بۆچی بەری بەیانی خەڵکی لە سێدارە دەدەن. ڕەنگە ئەوەش سوونەت بێ. کوتیان شتێک بنووسە؛ وەسییەتێک، نامەیەک یان شتێکی وەک ئەوە."

ئێستا کە گەیشتوومە پای سێدارە مێشکم چاک وەکار کەوتووە و هەموو ئاوات و ئارەزووەکانم وەبیر دێنێتەوە. ئەمن دەترسم. ئەو ئاواتانەی بە چاو نەمدیتن ئازارم دەدەن. گەرچی لەم سێدارەیە دەترسم بەڵام هەر خۆیشی سووکنایيم پێدەدات.

"هیچم نییە داروبەخشی کەم. خۆمم و ئەو کراس و پانتۆڵەی بەرم. زۆرم بیرکردەوە چی بنووسم و بۆ کێ بنووسم. ئێستاش نازانم چی دەنووسم بەڵام دەزانم کە بۆ تۆ دەنووسم. ویستم باس لە ئاواتەکانم بکەم. ترسام، نایننووسم."

ئەمن قارەمان نیم و ترسەنۆکیش نیم. داوا دەکەم بۆخۆم پەتەکەی دە ملم کەم. ڕەنگە ئاوا قەبر چاترم وەخۆ گرێ.

"خۆشەویستەکەم نەمدەویست هیچ بنووسم. تەنانەت بۆ تۆش. تۆ نووسینت ناوێ و بە بێ ئەوەی هیچ بڵێم دەمخوێنییەوە، بەڵام کوتم بەڵکەم ئەم کورتە نامەیە جیا لە تۆ بگاتە دەستی ئەمانەی کە پاش من چارەنووسیان دەگاتە پای ئەم سێدارەیە. با ئەم پەتە دوایین پەت بێ دەکرێتە ملی من و ئەمانی پاش من و با ترس لە سێدارە چ سەنگی نەمێنێ. داوای لێبوردن ناکەم. نابێ داوای لێبووردن بکەم. با... دەبێ بڕۆم خۆشەویستەکەم. پاسەوانەکەم دەیهەوێ خۆی دڵگران نیشان دا و هەر نەبێ دوو فرمێسکی بێتە دە چاوان. با مشکلۆزمەی نەبم..."

**❄ هیوا بەیرامی**

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگڕامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

## کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!

٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاراگرافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ٌٍ ً ٌُ ٓ ,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : > = *]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"

ئاوا هەڵەیە:
گوتم:
ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆڕ، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

٩ ـ ئاهـ یش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "هـ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبورە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،

١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرچ بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.


تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!



# وتووویژ

**«وتووویژێک لەگەڵ عەلی ئەشرەف دەروێشیان»**

**دیداری: سەلاحەدین بایەزیدی**



ئاغای دەروێشیان، ئێوەش لە ڕیزی ئەو نووسەرە گەورانە دان کە کوردن و ناتوانن بە زمانی کوردی بنووسن، لەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەش بووە، چەندین نووسەری ئاوا هەن کە کوردن و بەزمانی بێگانە دەنووسن، یاشار کەماڵ، سەلیم بەرەکات و ... لەمبارەوە لێکدانەوەی جیاجیا هەیە، بەڵام حەز دەکەم لە زاری خۆتانەوە ئەم حاڵەتە لێک بدەنەوە.

**ـ من پێموایە مەسەلەی من جیاوازە لەگەڵ ئەواندا. چونکە یاشار کەماڵ و سەلیم بەرەکات ئەگەر بە زمانی خۆشیان نووسیبایان، بەهۆی بەربڵاوبوونی زاراوەکەیان لەتیراژی بەرهەمەکانیاندا تووشی تەنگ و چەڵەمە نەدەهاتن بەڵام من لە بیرمە یەکەم چیرۆکی خۆمم بە ناوی "ڕۆژێک" بە کوردیی کرماشانی واتە زاراوەی کەڵهووڕی نووسی. بردمە لای باقر موئمنی کە یەکێکە لە ڕۆشنبیرە دیارەکانی کرماشان و ئێستا لە فەڕەنسایە و کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی باشی هەیە، کە چیرۆکەکەمی خوێندەوە، گوتی ئەگەر ئەم چیرۆکە چاپ بکە ی، لە کوێ چاپی دەکەی، ئەگەر بتەوێ لە کرماشان چاپ و بڵاوی بکەی، ئەوا چاپخانە یەکی وامان نییە، پاشان تۆ ئەم کتێبە بە چ تیراژێک بڵاو دەکەیەوە؟ دیار بوو بە تیراژێکی کەم بڵاو دەبوویەوە و خوێنەرێکی زۆر کەم دەیانخوێندەوە. چونکە هەموو خەڵکی ئێران ناتوانن سوود لەم زمانە ببینن، پێمی گوت بەفارسی بنووسم باشترە، ئەگەر کەسێک پێی خۆش بوو با بیکاتە کوردی، دەنا کوردی نووسین کێشەت بۆ دروست دەکا. ئەمە گرفتی سەرەکیم بوو. سەرنج بدە، کۆمەڵە چیرۆکی سادق هیدایەت، ساعدی و ... ئەوکات لە کرماشان ٥٠ دانەی لێدەفرۆشرا، لەکاتێکدا هەموو کەس تێی دەگەیشت، جا ئەگەر بە کوردی نوسیبام ئەم تیراژە کەمتریش دەبۆوە. ئیمکانی نەبوو. ناچار بووم بە فارسی بنووسم.**

وایە ئەگەر بە کوردی نووسیباتان، ئێستا تەنها نووسەرێکی لۆکاڵی دەبوون یاخود نەتاندەتوانی دوو سێ بەرهەم زیاتر بنووسن، نەخاسمە لەبەر هۆکاری ئابووری ناچار دەبوون وازی لێ بێنن، هەروەک هەندێک کەسی تریش لە ئێران بۆ نموونە محەممەدی قازی و ئیبراهیم یۆنسی.ـ

**ـ بەڵێ، وایە.**

لەلایەکی دیکەوە ڕەخنەی ئەوەتان لەسەرە کە خزمەتی ئەدەبیاتی فارسیتان کردووە و کارەکانتان ناکەوێتە خانەی ئەدەبی کوردییەوە. ئایا لەبەرنامەتاندا هەیە لە داهاتوودا بە کوردی بنووسن؟

**ـ نا ئیتر تەمەنم بەسەرچووە. بەرهەمەکانم بەنزیکەی پازدە زمان وەرگێڕدراون، ئەگەر بە کوردی نووسیبام، تەنانەت بە زمانێکش وەرنەدەگێڕدرا، ئەگەر یاشار کەماڵ خزمەتی بە زمانی تورکی کردووە، ئەگەر سەلیم بەرەکات خزمەتی بە زمانی عەرەبی کردووە، کەواتە منیش خزمەتم بە زمانی فارسی کردووە، دیارە جیاوازیشیان نابینم، هەر ئەوەی کە کوردێک چیرۆکەکانم دەخوێنێتەوە، وەریاندەگێڕێتەوە و تەنانەت مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە**

**زۆربەی بەرهەمەکانی منی کردۆتە کوردی و خەریکی وەرگێڕانی ڕۆمانە گەورەکەم "سالهای ابری"یە، هیچ جیاوازییەکی نییە، وەک ئەوە وایە خۆم بە کوردی نووسیبێتمن، با ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە کەلهوڕی کاری لەسەر نەکراوە.**

ئەی چارە چییە، ئەو زاراوەیە هەروا دەمێنێتەوە، ئەوانەی کەڵهوڕن، هەر دەبێ بە فارسی بنووسن؟

**ـ مەگەر ئێستا لاوەکان بەو (N G O)یانەی دروستی دەکەن، دانیشن و سەرچاوە کۆبکەنەوە و کار بکەن لە مبارەوە، ئەو وشانەی نیمانە، بیاندۆزنەوە یان دروستیان بکەن، چ لە ڕوانگەی شیعر و چ لە ڕوانگەی چیرۆکەوە دەوڵەمەند بین و بناسرێین. بەمجۆرە دەکرێ بە کەلهوڕی بنووسین و شتەکانمان بکرێنە فارسی.**

ئەم ڕۆمانە گەورەیەتان، "سالهای ابری" کە ئێستا باستان کرد، ئایا وەک هەندێک کەس دە لێن، دەکرێ وەک ژیاننامە و سەربوردەی خۆتان بەناو بکرێت؟

**ـ بەڵێ دەتوانین بڵێین ژیاننامەی خۆمە، ٩٥%. لە هەندێ شوێندا خەیاڵ لەوانەیە ڕۆشتبێ و لە ژیانی خۆم دوور کەوتبێتەوە بەڵام بە گشتی ژیانی خۆمە.**



سەبارەت بە کاردانەوەی ژیانی نووسەر لە ڕۆماندا، ئایا پێتان وا نییە تێکەڵکردنی ژیان و بیرەوەرییەکانی خودی نووسەر، لە نێو ڕۆمان یان چیرۆکێکدا، کاریگەریی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان دابنێ؟

**ـ زۆربەی نووسەرانی جیهان، تەنانەت ئەوانەی خەڵاتی نۆبێلیشیان بردۆتەوە، وەک گابریەل گارسیا مارکیز و ژۆزێ ساراماگۆ و ئۆرهان پاموک، هەموویان لە وتووێژەکانیاندا ددان بەوەدا دەنێن کە سەرەتا ژیانی خۆیان نووسیوەتەوە و لە هەموو بەرهەمەکاندا ژیانی خۆیان ڕەنگدانەوەی هەیە. تەنانەت ئەو کەسایەتیانەی لە ڕۆمانە جیاوازەکاندا دەیانخوڵقێنن، ئەوانەن کە لە ژیاندا ڕووبەڕویان دەبنەوە، وەک باوک و دایک، بابەگەورە و خزم و خوێش، ئەمانە ئەو سیمایانەن کە دروستیان دەکەن. تەنانەت ڕۆماننوسێکی گەورەی وەک میخاییل شولۆخۆف، لە ڕۆمانی "دۆنی ئارام"دا بۆ زۆربەی کەسایەتییەکان کەڵکی لە سیمای بنەماڵەی خۆی وەرگرتووە و بە شێوەیەکی دیکە لە ڕۆمانەکەی خۆیدا سەر لە نوێ دروستی کردوونەتەوە.**

بەگوێرەی ئەو فەزا پڕ لە سانسۆرەی کە لە ئێران هەیە و بەمدواییانە تەنانەت گەیشتۆتە لووتکە، ئایا لەسەر ئەو بڕوایەن کە هەموو شتێکتان گوتبێ و تووشی خودسانسۆڕی نەهاتبن؟

**- سەبارەت بە کارەکانم، دەبێ بڵێم لە کتێبی "سالهای ابری"دا هەموو شتێکم گوتووە و ئەم کتێبە لە ماوەی ساڵێکدا گەیشتە چاپی دووەم، هەر بەو نرخ و قورساییە بەڵام لە چاپی سێهەمدا توشی کێشە هاتین و گوتیان پێویستە ٧٠٠ لاپەڕە لەو ڕۆمانە ٣٤٠٠ لاپەڕەیە، واتە یەک لە سێی ڕۆمانەکە سانسۆڕ بکرێ. من پەسەندم نەکرد تا ئەوەی سیستەمەکە گۆڕدرا و هەندێک کرانەوە دروست بوو، هەرچەندە ئێدەئالیش نەبێ. من بەردەوام پێداگر بووم لەسەر بڵاوکردنەوەی کتێبێک بە شێوەیەکی ڕێک و پێک و بێ کەموکووڕی، بە پێچەوانە گوتم با بڵاو نەبێتەوە، ئەگەر ٧٠٠ لاپەڕەی سانسۆر بکرێ، هیچی لێ نامێنێتەوە، ئەم سانسۆڕە دەگەڕایەوە بۆ دوو هۆی دەستەواژەیی، یەکەم پێویست بوو دایەگەورە لە دیمەنی یەکەمدا، لە کاتی سەمادا خۆی با نەدات (پێدەکەنێ) و ئەوی تریشیان وشەی سەما هەڵپە ڕکێ، دیارە پاشان وەک خۆی و بێ دەسکاری چاپ کرا، بەڵام زۆربەی کتێبەکانم ئیتر دوای ساڵی ٥٩ چاپ نەکران، "ازاین ولایت"و"آب شوران" و "همراه با آهنگ بابام" و"فصل نان" بەمدواییانە دوای ٣٥ ساڵ سەر لەنوێ چاپ کرانەوە، "آب شوران" و "ازاین ولایت"، دوای ئەو هەموو ساڵە، چاپی بیست و پێنجەمیان کرایەوە.**

هەر لەم چوارچێوەیەدا گەلۆ دەتوانین بڵێین ئێستا بزافێکی دژی سانسۆڕ، بەپێشەنگی نوسەران و ڕوناکبیران، لە ئێراندا لە ئارا دایە؟

**- بێگومان ئەم بزاڤەی باسی دەکەی توندوتۆڵ تر بووە چونکە جیهانی ئیمڕۆ جیهانێکی تەنانەت سەعاتێک لەمەوبەر نییە، لە ماوەی چەند چرکەدا، لەرێگەی ئینتەرنێتەوە، دەتوانین ئاگاداری هەموو هەواڵەکان بین، جیهان یەکپارچە بووە و گۆرانکارییەکان کاریگەری لەسەر یەکتری دادەنێن. خەڵک ئیتر دەیەوێ لەم گوندە بچووکەدا بگەنە مافەکانیان. نەک تەنها نووسەران بەڵکوو کرێکاران، مامۆستایان پەرستاران و تانەت خاوەن کتێبەکانیش خەریکە نارەزایەتی دەردەبڕن، دەیانەوێ ئازادی هەبێت، ڕۆژنامەنوسان نایانەوێ هەموو ڕۆژنامەکان یەکڕەنگ بن، وەکو ئەو قەیرانەی ئێستا لە گۆڕەپانی ڕۆژنامەنووسی ئێراندا دەبینرێ، بۆیەش ڕۆژنامە نافرۆشرێ. ڕۆژنامە حکومییەکان بە پشتگیری دەوڵەت ڕۆژ بە رۆژ زیاتر دەبن، ئەوانیش چونکە بابەتێکی تایبەتیان نییە و دووپاتەن، نافرۆشرێن. ئەگەر سانسۆر هەبێ، ئەوا ئێمە سەربەخۆ نین، بۆ سەربەخۆیی هەر ئەوەیە وڵاتی خۆمان بەدەست خۆمان بێ؟ درۆیە ئەم سەربەخۆییە. سەربەخۆیی لە دنیای ئەمڕۆدا یانی ئازادی، کاتێک نەتوانی ئەفراندن بکەی، ئەو ترۆمبێلەی پێتە هی خۆت نییە، کاتێک نەوتەکەت هەرزانفرۆش دەکرێ، چونکە پاڵاوگەی پێشکەوتووت نییە، کەواتە تۆ سەربەخۆ نی و وابەستەی، وابەستەی بە هەموو ئەو شتانەی لە دەور و بەرتن و تۆ دروستت نەکردوون.**

کە ڕۆمانەکانی ئێوە دەخوێنینەوە، دەچینە ئەو شوێنانەی بەڕێزتان لێیان ژیاون و کرماشان لە مێشکماندا وێنا دەبێ، وەک چۆن لە ڕۆمانەکانی یاشار کەماڵدا چوکورئۆڤا و لە هی گارسیا مارکیزدا ئەمریکای لاتین، شوێن چ ڕۆڵ و پێگەیەکی لە فەزای چیرۆکدا هەیە؟

**- بە بڕوای من شوێن ڕۆڵێکی گرنگی هەیە. ویلیام فاکنەر، بەو هەموو نوێگەرایی و شێوازە نوێیەی کە هەیەتی، زۆر پابەندی شوێن بوو، شوێن بیرەوەریی گرنگ لە مێشکی مرۆڤدا زیندوو دەکاتەوە. ئێستا ماوەیەکە لە شاری "کەرەج"م، زۆر شەو خەو بە کرماشانەوە دەبینم، خەونی بە کۆڵانەکانی و، هەمیشە بەگریانەوە لە خەو ڕادەچەنم. هەرگیز ناتوام بیرەوەرییەکان لە مێشکمدا بسڕمەوە، ئەوەش نیشانەی پابەندبوونی لە ڕادە بەدەرمە بەو فەزایە، پێموایە "دۆنی ئارام"ی شۆلۆخۆف نەیدەتوانی بێ ئەو شوێنە دۆنی ئارام بێ، هەر خودی ناوی کتێبەکە ناوێکە کە لە شوێنێکی تایبەت وەرگیراوە.**

سوژە و ناوەرۆکی زۆربەی چیرۆکەکانی ئێوە، ڕەنج و مەینەتی خەڵکی فەقیر و بەلەنگازە، پێتان وا نییە ئەمانە دووپاتەن و پێویست دەکا کار لەسەر فەزای دیکەش بکرێ؟ چونکە ئەدەبیاتی فەقیرانە تایبەت بوو بەسەردەمێک لەسەردەمەکان و ئێستا دەبێ قسە لەسەر قەیرانی دیکەش بکرێ؟

**- من لەناو ئەمانەدا ژیاوم، خۆم ڕەنج و مەینەتم چێشتووە. منالێکی پێنج ساڵە بێننە پێش چاو کە پێویستە یاری بکا، بەڵام لەبری یاری، ئیش دەکا و باوکی ناچاری دەکا مل بداتە بەر ئیشی قورس و زۆر کات تەنانەت کارکردن لە بەردەم خوێندنیشدا دەبووە ئاستەنگ، زۆر کاری جۆراو جۆرم کردووە، لەژێر قرچەی هەتاودا کە کاریگەرییەکی خراپی لەسەر پێستم دانا. نەمدەتوانی جگە لەم فەزایە فەزایەکی تر دروست بکەم. لە "سالهای ابری"دا نووسیومە کە بنەماڵەکەم هەموویان کرێکار و زەحمەتکێش بوون، تەنانەت ژنانی ماڵی ئێمەش جگە لەماڵداری و کابانی کاری تریان دەکرد، کاری وەک خەیاتی و دروومان.**

یانی بە بڕوای ئێوە ئەدەبیات باشترین ئامرازە بۆ دەربڕین و هێنانە زمانی ئەو دەردو ئازارانە، دەبێ بنوسرێن تا لە بیر نەچنەوە؟

**- ئەدەبیات و هەروەها مۆسیقا.. تەنانەت هونەرەکانی دیکەش بۆ نمونە نیگارکێشی.**

خۆتان تا چەند کەڵکتان لەهونەرەکانی تر وەرگرتووە، بەتایبەت مۆسیقا؟

**ـ مۆسیقا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە نووسراوەکانمدا. من لە کتێبی "فصل نان" و کتێبی "آب شوران"دا باس لە شمشاڵ ژەنێک دەکەم، باس لە هەڵپەڕکێکانی دایکم و وان لەماڵێدا دەکەم. لە "سالهای ابری"دا، دیمەنێکی گرنگم هەیە لەسەر هەڵپەرکێی دایکم لە شایی کوڕەکەیدا. ئەمانە و سەرجەم ئەو دەنگانەی کە لەچیرۆکەکانمدا، هەم لەمەلەکان و هەم لەمرۆڤەکانەوە وەک ئاوازێک دەگاتە گوێ.**

با زیاتر باسی ناوەڕۆکی چیرۆکەکانت بکەین، سووژەی زۆربەی چیرۆکەکانی ئێوە ئەفسانە و کەلتوورو داب و نەریتی خەڵکە کە ئەمەش خۆی جۆرێکە لە ڕەسەنایەتی، هەڵبەت بە دەربڕین و خەیاڵێکی نوێوە، ئێوە لە نێو دەقدا، چۆن لەگەڵ دابونەریت و فلکلۆردا هەڵسوکەوت دەکەن؟

**ـ من بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە بۆچی کەسانێکی وەک خوالێخۆشبوو ئەحمەدی شاملوو ئەوەندە لە شیعرەکانیاندا سەرکەوتوون. ئینجا بەو ئەنجامە گەیشتم کە ئەحمەدی شاملوو بەر لە هەر شتێ بەسەر کەلتووری خەڵکدا زاڵ بووە. بەرهەمی ئەمەش ئەو کتێبانەی هەفتە بوون کە لە سەرەتای چلەکاندا چاپ و بڵاو دەبوونەوە و ئەوەش بوو بە سەرەتایەکی باش. شاملوو هێندە بەسەر بوارەدا زاڵ بوو کە تەنانەت ئەمە لە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانیشیدا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە کە "پابرهنەها"ی "زاهاریا ئیستانکۆ" دەخوێنیتەوە، بۆت دەردەکەوێ بە ڕاستی شاملوو تواناییەکی زۆری هەبووە لە بەکارهێنانی هەندێک دەستەواژەدا کە پێشتر لە وەرگێڕاندا بەکار نەهاتبوون. هەڵبەت نووسەرێکی تریش هەوڵیدا لەوەرگێڕانەکانیدا شتی ئێرانی بەکار بێنێ، ئەویش محەممەد عەلی جەمالزادە بوو، بەڵام بەو جۆرە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا کە شاملوو تیایدا سەرکەوتوو بوو. یانی تەنانەت دەتوانین بڵێین شاملوو لە جەماڵزادە زیاتر زاڵبوو بەسەر کەلتوور و دابونەریتی خەڵکدا. من پێموایە نووسەر یان شاعیرێکی لاو دەبێ بەسەر فەرهەنگی کۆمەڵگاکەیدا زاڵ بێ. ئەم زاڵبوونەش بە خوێندنەوە یاخود گەڕان بەناو خەڵک و دێهات و شوێنە جیاوازەکاندا دروست دەبێ. پێویستە نووسەرێکی لاو وتووێژی خەڵک لەدەفتەرێکدا بنووسێتەوە و هەمیشە پێی بێ، بۆ ئەوەی لەبیری نەچێتەوە، چونکە ڕەسەنایەتییەکی سەیر لەم گفتوگۆیانەدا هەیە. ئێمە ئەگەر زۆریش فشار بۆ خۆمان بێنین و بیر بکەینەوە لەکاتی نووسیندا ناتوانین بگەینە ئەم ڕەسەنایەتییە. بۆیە من بەرەو لای ئەفسانە و پەندی پێشینیان چووم. کتێبی ئەفسانە و پەندە کوردییەکانم بۆ یەکەمجار لە کرماشان کۆکردەوە. دەڵێم یەکەمجار چونکە بە ڕاستی بەر لە من کەس نەیکردوە، پاشان ئەو فەرهەنگە گەورەیەم بەیارمەتی ڕەزا خەندان (مەهابادی) ئامادە کرد کە بیست بەرگە. ئەم کارەم تەنها لەبەر ئەوە کرد کە سەرنجی نووسەرانی لاو بۆ ئەوە ڕابکێشم کە جگە لەخوێندنەوەی کارەکانی شاملوو کە زاڵیان دەکا بەسەر کەلتوور و زمانی فارسیدا، دەبێ ئەفسانەکانیش بخوێننەوە.**

هونەری ڕۆمان، هونەرێکی مۆدێرنە، بەڵام لەناو ئێمەدا زیاتر ئەقڵییەتێکی وەرزێڕی و کشتوکاڵی زاڵە، پێتان وا نییە نووسراوەکانی ئێوەش لەم چوارچێوەیە دان، ئایا هیچ هەوڵدانێک هەیە بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە؟

**ـ سەیر کەن، زۆربەی فەزاکان هی گوندهن بەڵام "آب شوران"، فەزایەکی شاری هەیە، من جیاوازم لەو کەسەی لە گوند لەدایک بووە، چونکە من لە شار لەدایک بووم، ئەو چیرۆکانەی کە پەیوەستن بەگوندەوە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو ساڵانەی لە گیلانغرب مامۆستا بووم. من گوندەکانی گیلانغربم لەنزیکەوە بینی، هەڵبەت ژیان و بەرهەمەکانی سەمەدی**

**بێهرەنگی و چاوپێکەوتنم لەگەڵیدا بوە هۆی ئەوەی ڕوو بکەمە کێشەکانی گوند و بیرەوەرییەکانم لە گوند بەشێوەی کورتەچیرۆک بنووسمەوە. لە ڕۆمانی "سالهای ابری"دا، هەم فەزایەکی دێهاتییانە هەیە و هەمیش فەزایەکی شاری، لە شارەوە دەست پێدەکا بەڵام لە یادگارییەکانی باوکم و باپیرم و ئەوانەوە دەچینەوە ناو گوند.**

بۆچوونێک هەیە دەڵێ ڕۆمانی درێژ چیتر خوێنەری نییە و ناتوانێ کاریگەری هەبێ، بە تایبەت دوابەدوای دەرکەوتنی سەتەلایت و ئەنتەرنێت، لەکاتێکدا ئێوە لەچیرۆکی کورتەوە ڕووتان کردۆتە ڕۆمانی درێژ.

لە دونیادا کەسانێکی کەم هەن تەنیا کورتەچیرۆک بنووسن. چیخۆف، ئێدگار ئالێن پۆ و لەمدواییانەشدا ڕایمۆند کارڤێرە کە ئەمانە ڕۆمانیان نەنووسیوە و تەنیا کورتە چیرۆکیان هەیە بەڵام با ئەوەمان بیر نەچێ کە زۆربەی هەرە زۆری نووسەرانی دونیا بۆ نموونە گابریەل گارسیا مارکیز لە کورتە چیرۆکەوە دەستیان پێکردوە، هەڵبەت مارکیز بە ڕۆژنامەوانی دەستی پێکرد و پێشی وابوو هەر گەنجێکی نووسەر پێویستە ماوەیەک سەرقاڵی کاری ڕۆژنامەنووسی بێ و ئینجا کورتەچیرۆک و ڕۆمان. ئەمە بەگشتی چارەنوسی هەموو نووسەرێکە. منیش کورتەچیرۆکم دەنووسی و پاش ماوەیەک بیرم کردەوە کە ئەو بابەتەی هەڵمبژاردووە بۆ ڕۆمانێک دەست دەدەن، بەڵام سەبارەت بەو بۆچوون و بەیانانەی کە سەردەمی فلان و فیسار بەسەر چووە یاخود ئەم شێوازە لەئەدەبیات باوی نەماوە، بە بڕوای من ئەمانە لەجێدا نین و دوورن لەڕاستی. بەر لەوەی "دۆنی ئارام"ی میخائیل شۆلۆخۆفیش خەڵاتی نوبێل وەربگرێ، ئەمجۆرە قسانە دەکرا و دەیانگووت 'مەرگی ڕۆمان' هاتووە و ئیتر هەموو شتێ تەواو بوو. وەلێ دیتمان ئەم ڕەوتە درێژەی هەیە. تا کاتێک ژیان بەردەوام بێ، بەرهەمە هونەرییەکانیش بەردەوامن. دیارە گۆڕانکارییان بەسەردا دێ چونکە شعووری خەڵک دەچێتە سەر. لە ڕۆژی ئەمڕۆدا بەڕاستی نووسین کارێکی زۆر ئەستەمە. ئەگەر نووسەرێک خۆی نوێ نەکاتەوە، بەردەوام موتاڵای نەبێ، ناتوانێ لەگەڵ ئەم ڕەوتە نوێیەدا هاوئاهەنگ بێ و شت بنووسێ. من ناڵێم شتێکی ئاڵۆز بنووسێ کە خەڵک لێی تێنەگەن، نا، بەتایبەت وەک نووسەرەکانی ئێران مەکەن کە چاوەڕێن یەکێک خەڵاتی نوبێل وەربگرێ و پاشان لە چەند لاوە لاسایی بکەنەوە. لە ئێران، لانیکەم دەتوانم نمونەی دەیان ڕۆمان بێنمەوە کە لاسایی "سەد ساڵ تەنیایی"یان کردۆتەوە و هیچکامیشیان لە ڕیالیزمی جادوییدا سەرکەوتوو نەبوون. ئێستا بۆ نموونە ئۆرهان پاموک لە تورکیا، خەڵاتی نوبێلی وەرگرتووە، بۆ بەیانی دەبینین لە ئێران لاسایی دەکرێتەوە، یانی خوڵقکاری ناکەن. هۆکاری ئەوەی ئەدەبیاتەکەمان نابێتە جیهانی و لە لایەن جیهانییانەوە پێشوازی لێناکرێ و ئەوەی

تەرجومەش کراوەتەوە، هەر ئەمەیە. چونکە خوێنەرێکی بیانی دەیەوێ ئەفراندنێک لەبەرهەمەکەدا ببینێ. کاتێک بینی ئەمە هەمان شتە کە مارکیز نوسیویەتی، دیارە پێشوازی لێ ناکا. جگە لەمانە بڵاوکەرەوەیەک چ ئێرانی بێت یان بیانی، بەتایبەت بڵاوکەرەوە بیانییەکان کە بواری ئابووری بەلایانەوە زۆر گرنگە، نایەن سەرمایەگوزاری لەسەر کتێبێک بکەن کە ٤٠٠ تا ٥٠٠ دانەی لێ بفرۆشرێ و ئەوی تری بمێنێتەوە. بۆیە کتێبەکانی ئۆرهان پامۆک کە دوانیان کراونەتە فارسی واتە "قلعه سفید" و "زندگی نو" و سەرجەم دە ڕۆمانێکی هەیە، وەرگێراونەتە سەر ٤٠ زمانی بیانی، بە تیراژی لانیکەم پەنجا هەزار بڵاو کراونەتەوە و پێشوازی زۆر بەرفراوانی‌ان لێکراوە، بڵاوکەرەوەیەکی بیانی پارەکەی فڕێ نادا، دەزانێ چی بکا. بۆیەش تەئکید دەکەمەوە کە سەردەمی ڕۆمانی درێژ تێنەپەڕیوە و ئەو ڕەقیبانەی بۆ بەرهەمە نووسراوەکان دروست بوون، وەک ئینتەرنێت، سەتەلایت و کۆمپیوتەر، هیچ کامێکیان نەیانتوانیووە کاریگەرییان لەسەر میراتی گوتەنبێرگ هەبێ.

هۆکارەکەی چییە؟

**ـ چونکە کە کتێبێک دەگریتە دەست بۆ خوێندنەوە، خۆت دەرهێنەری فیلمێکی کە لەبەر دەستی خۆتە و هەر کە ماندوو بووی، وازی لێ دێنی، بیر دەکەیەوە، جارجارە کتێبەکە وێک دەنێ و لە گژ فکر و خەیاڵان ڕۆ دەچی. فیلم یاخود شتی بینراو ئەم قازانجەی نییە. ئێمە بە شتی نووسراو ڕاهاتووین چونکە پێویستە بیری لێ بکەینەوە، بەڵام دەمانەوێ هەموو شتێک ببیسین، بۆ نموونە بیرت دێ فلانی چی کرد، چی بوو... هەندێکیشی دەخەینە سەر و پێوەی دەنێین. ئەگەر سەیری فیلمێک بکەین، بەدەم گوڵەبەڕۆژە ترووکانەوە نازانین سەرەنجمان لەسەر گوڵەبەڕۆژە بێ یان دیمەنەکانی فیلمەکە. خێرا لەپێش چاومان تێدەپە ڕێ و لەوانەشە تەنیا ڕۆژێک لە یادماندا بێ و تەواو، بەڵام کتێب ئەو تایبەتمەندییەی نییە، بە بڕوای من تا کاتێک شتێکی لەمە گرنگتر نەخولقێ هەر دەمێنێتەوە، کەواتە ڕۆمان هەروا بە تیراژێکی زۆرەوە خوێنەری خۆی هەیە. نمونەی ئۆرهان پامۆک دێنینەوە چونکە تازە خەڵاتی نۆبێلی وەرگرتوە، ئەوەی کە ڕۆمانەکانی بەتیراژی پەنجا هەزار و سەد هەزار بڵاو دەبنەوە، باش پێمان دەسەلمێنێ کە ڕۆمان هێشتا زیندووە.**

سەبارەت بە ئۆرهان پامۆک پێتان وانییە بەجیهانی بوونی ئۆرهان پامۆک و بەخشینی خە ڵاتی ئەدەبیی نۆبێل بەو نووسەرە بە جۆرێک پەیوەست بێ بە هەندێک بێنە و بەرەی سیاسیەوە؟

**- ئەم قسانە بۆ "پاسترناک"یش هەڵبەستران، بە تایبەت بۆ کتێبەکەی "دکتۆر ژیڤاگۆ". تەنانەت سەبارەت بە شۆلۆخۆفیش هەمان بۆچوون هەبوو، چونکە "دۆنی ئارام"، ئەو کتێبە بوو کە دواتر لایەنگرانی ستالین ڕەخنەیان لێگرت. بۆ زۆر کەسی تریش وتراوە، نا، من وابیر ناکەمەوە، زۆر نووسەر لە دنیادا بەدیدەکرێن کە بەرهەمەکانیان لاوازە و ناڕەزایەتی سیاسی دەردەبڕن، بەڵام دواجار خەڵاتی نۆبێل لەسەر هەندێک بنەما پێشکەش دەکرێ. ئەگەر ئەو دوو ڕۆمانە وەرگێڕدراوەی پاموک بخوێنیتەوە کە باسمکرد تۆش دێیە سەر بۆچونەکەی من و دەبینی حەقی خۆیەتی. بەڵام بیرمان نەچێ دونیا پێویستی بە نووسەری ناڕازییە. واتە هەموو دونیا دەڵێن ئەو نووسەرە کە ڕۆماننووسە نابێ لە مەسەلەکانی کۆمەڵگەکەی دوور بێ. کە لە بەرامبەر بێ مافی و زوڵم و سێدارە ڕادەوستێ، کە لە دژی قەتڵوعامی ئەرمەن و کورد دەبێتەوە، ئەوە نووسەرێکی حەساسە. لێرەدا دەڵێن سیاسییە، بەڵام دیارە ئەو مەسەلانە لە بەناوبانگ کردنی ئۆرهان پاموک و هەروەها ئەوەی کە خەڵک لە کتێبەکانی بگەڕێ و تیراژی کتێبەکانی بچنێتە سەر، کاریگەرییان هەیە و لەئەنجامیشدا ڕاستەوخۆ کار دەکەنە سەر وەرگێڕانی کتێبەکانی بەزمانەکانی دیکە.**

ئاغای دەروێشیان ئێوەش نووسەرێکی خاوەن هەڵوێستن و لە بەرامبەر زۆر شتدا هە ڵوێستی شەفافتان نواندووە و ناڕەزایەتیتان دەربڕیوە، ئایا تا ئێستا لەمبارەیەوە، هەروەک زۆربەی نوسەرانی خاوەن هەڵوێستی ئێران، ڕووبەڕوی هەڕەشەو گوڕەشە بوونەتەوە؟

**- بۆچی نا، من بەردەوام ڕووبەڕووی هەڕەشە بوومەتەوە، بەتایبەت ساڵی ١٣٧٧ کە لە کانوونی نووسەرانی ئێران، دوو هاوڕێی خۆشەویست و بیرمەندم لەسەر شەقام گیران و خنکێندران، ئەوە بەرنامەیەک بوو کە منیش تێیدا بووم و دەبوو کوژرابام. بەردەوام بانگ دەکرێم، لێپێچینەوەم لەگەڵدا دەکرێت، موزاحیمەتی تەلەفۆنیم بۆ دروست دەبێ، سووکایەتیم پێ دەکرێ، هەر ڕێگەنەدان بە کانوونی نووسەرانی ئێران خۆی جۆرێک هەڕەشەیە، ڕێگە نادەن ئەم ناوەندە چالاکی هەبێ و لە ماڵێکی بچووکدا و بە ژمارەیەکی کەمەوە کار بکا. گرنگتر لەوانەش کتێبەکانم بەردەوام سانسۆر دەکرێن، بەرپرسانی سانسۆڕ لە لێدوانەکانیاندا ڕاشکاوانە گوتویانە کە هەر کتێبێ بگاتە دەستمان، سەرەتا سەیری ناوی نووسەرەکەی دەکەین بۆ ئەوەی بزانین کێیە، دەنا لەوانەیە هەر ئەو کتێبانەی من بەناوی کەسێکیترەوە مۆڵەتیان پێبدرێ، بەڵام چونکە ناوی منی لەسەرە، گرفتی بۆ دروست دەکەن. ئەو هەڕەشانە هەن و لەو جۆرە کۆمەڵگایانەشدا ناکرێ ئاسودە بژی، هەمیشە سێبەری ترست لەسەرە.**

وەک کەسی یەکەمی کانوونی نووسەرانی ئێران، بە ڕای ئێوە بۆچی ئاستەنگ لەبەردەم کانونی نوسەرانی ئێراندا دروست دەکرێ، بۆ مۆڵەتی پێنادرێ؟

ـ چونکە کانوونی نوسەرانی ئێران گرنگ ترین دروشمی، دژایەتی سانسۆر و هەروەها خەباتە لەپێناو ئەندێشە و ئازادی ڕادەربڕیندا، هەر ئەم دوانەش مەترسین بۆ سەر ئەو ڕژێمانەی سەرەتا بەڵێنی هاوکاری و بەڵێنی باشکردنی دۆخی بژێوی خەڵک دەدەن و پاشان بەڵێنەکە نابەنە سەر و هەر جۆرە نارازاییەک بەمجۆرە کارنەکردن و پەیمان شکاندنەیان سەرکوت دەکەن، کانوونیش یەکێکە لەو دەزگایانەی نایەوێ لەبەرامبەر ئەم بارودۆخەدا بێدەنگ بێ. سەردەمانێک خوالێخۆشبوو ئەحمەدی شاملوو، لەوتووێژێکدا سەبارەت بە پرسیارێکی هاوشێوە گوتی: "ئەگەر مۆڵەت بدەنە کانوونی نووسەران ئەمە دەبێتە سەرەتایەک بۆ سەرجەم سەندیکا و ڕێکخراوە سنفییەکان." کانوون، پێش هەموو شتێ دەزگایەکی سنفییە، دەمانەوێ لەم کانوونەدا مافی نوسەر لەبەر چاو بگرین، چ لە ڕوانگەی بەرەنگاری لەگەڵ سانسۆری بەرهەمەکانی و چ لە ڕوانگەی پەرەدان بە ئازادیی ئەندێشە و قەڵەمەوە. هەروەها هەندێک بڵاوکراوە هەن مافی نوسەر پێشێل دەکەن، ئێمە چونکە بە قەڵەم کار دەکەین بتەوێ و نەتەوێ دزە دەکەینە گۆڕەپانی ئەندێشەوە، چونکە ئەوە کاری ئێمەیە. سەرو کاری ئێمە لەگەڵ کاری ئەندێشە و ڕادەربڕینە. کاری مە ئەوەیە سانسۆر نەبێ بۆ ئەوەی ئافرێنەر بین، ئێمە سیاسی نین بەڵام هەندێکجار ناچار دەبین بکەوینە ناو ئەو سنورانەوە، ئەگەرچی ئەوەش بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات نییە. نامانەوێ ببینە سەرۆککۆمار. من لە وتووێژەکانمدا گوتوومە دەتوانم پۆلێکی ٣٠ کەسی بەڕێوە بەرم، بەڵام ناتوانم قوتابخانەیەکی ٥٠٠ کەسی بەڕێوە ببەم. زۆربەی هاوڕێیانی تریشم بەمجۆرەن. ئەوانە وەک چۆن "هاوێل" لە چیک دێتە سەر کار کە نووسەر بوو، دەترسن لە ئێرانیش شتێکی بەمجۆرە بێتە ئاراوە. بەڵام ئەمە ڕونادا، جارجارەش کە بە ناچاری خۆ لە کاروباری سیاسی هەڵدەقورتێنین، بۆ ئەوەیە کاری کۆمەڵایەتی بکەین. دەمانەوێ کۆمەڵگە ئازاد بێ، بۆ گەیشتن بە دەسەڵات ئەم ئیشە ناکەین و دژی هێزو دەسەڵاتین.

مامۆستا دەروێشیان، تا چەند لەگەڵ ئەدەبیاتی کوردیدا ئاشنان؟

ـ وەک دەزانن من لە شوێنێک ژیاوم کە ئەدەبیاتی کوردی تیایدا قەدەغە بوو و هیچ کتێبێکی کوردی نەدەگەیشتە دەستمان یان بەجۆرێک لەجۆرەکان سانسۆڕ دەکرا. لەو کاتەوەی کە هەندێک کتێبی کوردیم بەدەست گەیشتووە، دەستم کردووە بەخوێندنەوەیان و بە ڕاستی زۆر زوو توانیم پەیوەندی لەگەڵ ئەو ئەدەبیاتەدا ببەستم. ئەو کتێبانەم لە ڕێی قاچاغەوە بە دەست دەگەیشت، دوای خوێندنەوەی هەندێک لە چیرۆکە کوردییەکان، بۆ یەکەمجار نزیکەی بیست و پێنج نووسەری کوردم بە کۆمەڵگەی فارسی زمان ناساند، بەمە ناڵێن خزمەت کردن بەزمانی کوردی بەڵام چونکە بە فارسی دەنووسم دەڵێن خزمەتە

**بەزمانی فارسی. باشە کام لەو نووسەر و شاعیرانەی کرماشان، ئەوانەی بانگەشەیان هەیە، هاتوون بەرهەمی کوردییان کردۆتە فارسی کە بەتیراژێکی باش بڵاو بێتەوە؟ ئەو کتێبە خەریکە چاپی دووەم دەکرێتەوە، دەتوانم بڵێم دوای ساڵی ١٩٩١، ئاشنای ئەدەبیاتی کوردی بووم.**

بە پێی ئەو ئاشناییەتان، بە بڕوای ئێوە ئەدەبیاتی کوردی چۆن دەتوانێ ببێتە ئەدەبیاتێکی جیهانی؟ ئایا ئەو ئاستەی هەیە؟

**- ئەدەبیاتی کوردی خەریکە دەبێتە ئەدەبیاتێکی جیهانی. هەندێک نووسەری باش وەک شێرزاد حەسەن و بەختیار عەلی و فەرهاد پیرباڵ و زۆری ترهەن. ئەمانە لە ژێر سێبەری دیکتاتۆریی سەدامدا نەبوون و لە دەرەوەی وڵات کاریان کردووە، واتە زەمینەی فەرهەنگیان هەبووە و لە دەرەوە پتەوتریان کردووە، بەشێوەیەک کە ئێستا بەرهەمی باش پێشکەش دەکەن. بەرهەمەکانیان وەردەگێڕدرێتە سەر زمانەکانی دیکە، ئەدەبیاتی کوردی، خەڵاتی نێونەتەوەیی وەرگرتووە، با لە بیرمان نەچێ لەئێراندا جگە لە سادقی هیدایەت، هیچکەس خەڵاتی نێونەتەوەیی وەرنەگرتووە. ئەوەش گەشبینم دەکات. ئۆرهان پاموکیش، سەرەتا خە ڵاتەکانی بەر لە نۆبێلی بردۆتەوە، کوردیش زۆر قۆناغی بڕیوە. دەمەوێ بڵێم تەنها بەرهەم ڕۆڵ نابینێ بەڵکوو خەڵاتەکان ڕێگە بۆ خەڵاتی گەورەتر لە خۆیان خۆش دەکەن. خەڵاتی وەک بۆکێر، پۆلیتزێر، گۆنکوور و پاشانیش نوبێل. من زیاتر ئومێدم بە ئەدەبیاتی کوردی هەیە تا فارسی، چونکە سیمای نوێیان تێدا دەبینرێ و ڕۆژانە خۆیان نوێ دەکەنەوە. بەڵام نووسەرانی لاوی کورد بەداخەوە لەگەڵ کێشەی جۆراوجۆردا ڕووبەڕوون. من ئەم ڕۆژانە بیستم کە لە ئەدەبیاتی کوردیدا داستایفسکی وەرنەگێڕدراوە و تازە بەتازە، ڕۆمانی "تاوان و سزا" دەکرێتە کوردی، ئێمە لەئێران ٤٥ ساڵ لەمەوبەر تاوان و سزامان خوێندۆتەوە، ئەمە زەبرێکی گەورە لە نووسەری لاوی کورد دەدا. "شەڕ و ئاشتی"ی تۆلۆستۆی نەکراوە بە کوردی، ئەمە کارەساتێکی گەورەیە. بە بڕوای من دەبێ هەموو کوردێک، یەک دوو زمان فێر بێ بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بەرهەمی کلاسیکی جیهانی و بەرهەمەکانی نۆبێل بخوێننەوە . ئەمە کێشەی سەرەکییە کە هیوادارم چارەسەر بکرێ. بەرپرسانیش دەبێ دەزگایەک دروست بکەن بۆ ئەوەی بەرهەمە بیانییەکان وەربگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی، دەبێ سەرمایە گوزاری لەسەر بکرێ. ئەو کەسانە کۆبکەنەوە کە لە تەک زمانە جیاوازەکاندا ئاشنایەیان هەیە.**

وەکوو نووسەرێک ئایا پێتان وایە کە نووسەر دەبێ ئیلتیزامی هەبێ؟

**- هەموومان سەبارەت بە دەوروبەری خۆمان ئیلتیزامان هەیە، بۆ نموونە تەنانەت پۆستمۆدێرنەکان کە هیچ شتێک بەلایانەوە گرنگ نییە و ڕاست و چەپ پێیدا دەدەن و ژیان بە لایانەوە گاڵتەیە، درۆ دەکەن و پابەندی پۆستمۆدێرنیتەن.. چۆن دەکرێ مرۆڤێکی بێ بەرپرسیار لەم جیهانەدا بوونی هەبێ، ئەگەر پابەند نین بۆچی ئیلتیزامیان هەیە بۆ بنەماڵە؟ بۆچی شەوانە دەچنەوە ماڵی خۆیان؟ هەرچەندە دەڵێن پێویستە ئەمانە وەلا بنرێن، بەڵام دیسانیش ناتوانن، چونکە لەم کۆمەڵگایەدا دەژین. ئەگەر ڕاست دەکەن با لە نانەواخانە نان نەکڕن، ئەگەر ڕاست دەکەن با میوە و خواردنی دەوروبەریان نەخۆن. ئەمانە هەمووی جۆرێکن لە ئیلتیزام بۆ مرۆڤ، کەسێک کە ئەمانە مەسرەف دەکا ناچارە پابەندی هەندێک شت بێ. ئەگەر ڕاست دەکەن با بچنە شوێنێک کە هیچ کەسی لێ نییە با بزانم دەتوانن وەکو ڕۆبینسۆن کرۆزە بژین، ژیانی ڕۆبینسۆن کرۆزە نیشانی دا ئەو مرۆڤەی پێشتر لەگەڵ کۆمەڵگاکەیدا ژیاوە، ناتوانێ بەتەنهایی بژی.**

من زۆر جار بیستومە کە ئێوە لەگەڵ سەمەدی بێهرەنگی بەراورد دەکەن، ئایا ئەم بەراوردە لەو ڕووەوەیە هەردوکتان فارس نین و بە فارسی دەنووسن یاخود ئەم بەراوردکارییە لایەنی فۆرم و ناوەرۆکیش دەگرێتەوە؟

**ـ لەوانەیە گرینگ ترین مەسەلە ئەوە بێ کەمن زۆر کاریگەریی سەمەدی بێهرەنگم لەسەرە، ئەوەی ڕاستی بێ من لەتەمەنی ٣٣ ساڵیدا دەستم بە نووسین کرد، یانی لە ڕوانگەی زۆر کەسەوە درەنگە. چونکە دەڵێن دەبیت لە پانزە شازدە ساڵییەوە بنووسین، من زۆر ڕارا بووم لە چاپی کتێبەکانم، لە دوو زانکۆ، یەکیان دانشسەرای باڵای تاران و ئەوی تریشیان دانیشگای تاران، تا فەوقی لینسانس دەرسم خوێندووە و دەبێ ئەوەش بڵێم کە نووسەرانی ئێمە ئەگەر هەوڵبدەن لە شارە گەورەکان بژین، ئەوا بە قازانجیانە، هەڵسوکەوتەکان و هاتوچۆکان زۆر گرنگن. پێشتر ئەمیر حسین ئاریانپور و جەلالی ئالی ئەحمەد و سیمین دانیشوەر، مامۆستای زانکۆ بوون، دەکرا سوود لەمانە ببینین، ئەوانە کاریگەریی زۆریان هەبوو لەسەر من، جگە لەوە من و سەمەدی بێهرەنگی، ژیانێکی وەک یەک ژیاوین، کاتێک لەگەڵ سەمەدی بێهرەنگیدا ئاشنا بووم، سەرەتا کتێبی منداڵانم نووسی، وەک ئەو. من هەرچەند ناگەمە ئاستی ئەو بەڵام ئەویش لە بنەماڵەیەک ژیا کە لە بنەماڵەی من دەچوو. هەر لەو تەمەنەی مندا ڕۆیشتە دانیشسەرا. من ڕۆژنامەی دیواریم دروست کرد، ئەویش دروستی کردبوو. ئەو بوو بە مامۆستا، منیش لە کوردستان مامۆستایەتیم کرد. ئەو چوو بۆ زانکۆ، منیش هەروا. ئەو بەو شێوەیە لە "ئاراس" کوژرا، کە بەداخەوە من زیندووم. (بە پێکەنینەوە)**

هیوادارم هەر تەمەن درێژ بن، مامۆستا بە بۆچوونی ئێوە لە کوردستان، چی بکرێ باشە بۆ ئەوەی گوڕوتینێکی زیاتر بەرەوتی فەرهەنگی و ئەدەبی بدرێ؟

**ـ ڕاسپاردەم بە تایبەت بۆ نووسەران و شاعیرانی لاو ئەوەیە فەلسەفە بخوێننەوە. "جیهانی سۆفی" بخوێننەوە. بەتایبەت ئەوانەی ئاشنا نین دەگەڵ فەلسەفەدا. چێژەکانی فەلسەفەی دۆرانت، مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا هی ڕاسێل. بەدوای ئەمانەدا ئیتر دەکەویتە ناو فەلسەفەوە، چونکە هەر یەک لەمانە کۆمەڵێک سەرچاوەیان هەیە و سەرەتایەکن بۆ کەوتنە ناو جیهانی فەلسەفەوە. نووسەری ئەمڕۆ، پێویستە کتێبی "سەد ساڵ چیرۆکنووسی" بخوێنێتەوە، لەئەدەبیاتی کوردیدا ئەو شتانەمان نییە کە پێش مەرجن بۆ نووسین و کاری ئەدەبی. بەمدواییانە من و ڕەزا خەندانی مەهابادی، هەندێک کتێبمان بە ناوی "چیرۆکە خۆشەویستەکانی من" ئامادە کردەوە کە بەرگی شەشەمی وا لەژێر چاپدایە، ئەم زنجیرە کتێبانە، چیرۆک و ڕەخنەی چیرۆکن بەشێوەیەکی تێروتەسەل. شاعیرە لاوەکان دەبێ حەتمەن کتێبی "مێژووی ڕاڤەیی شیعری فارسی"ی شەمسی لەنگروودی بخوێننەوە. ئەمانە هەمووی یارمەتیدەرن. مێژووی شیعر و ئەدەبی خۆتان بنووسنەوە بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بتوانێ سوودی لێ ببینێ.**


وەک دوا پرسیار ئەگەر باس لە ئەزموونەکانی ڕابردووی خۆتان بکەن، چۆنی باس دەکەن، هەروەها ئەگەر بتانەوێ ئەمانە بگوازنەوە بۆ نەوەیەکی نوێ؟

**ـ من بە درێژایی ژیانم لەوە تێگەیشتم کە دەبوایە ئەم کارەم بکردایە، بەمجۆرە بەرێدا بەرۆیشتمایە، بەگوێرەی ئەو بارودۆخەی هاتۆتە بەردەمم، بژیمایە. بەگوێرەی ئەزموونەکانم، پێموایە نابێ هیچ بەربەستێک هەبێت، تێگەیشتم نابێ دوور بم لەگۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا. لە دونیای ئەمڕۆدا ئایدیۆلۆژیا گرنگ نییە، دونیا، دونیای فرەڕەنگییە. ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت ناتوانێ بەسەر جیهاندا حوکم بکا. پێموایە سەردەمی ئەمە نەماوە. ئێستا پێویستە هەموو بیروبۆچوونەکان لەسەر یەک کۆ ببنەوە. حکومەتێکی وەک ساندنیستەکانمان هەبێ کە هەر مرۆڤێک بتوانێ لە مەجلیسەکەیدا بەشدار بێ. لاوان پێویستە بیر لەمە بکەنەوە. شێواز و سەبکی جۆراوجۆریش تاقی بکەنەوە، من قەت لە دژی ئەوە نیم لاوێک کار لەسەر پۆست مۆدێرنە بکا، چونکە من لەژیانمدا دژی سانسۆڕ بووم و پێموایە دەبێ ئەندێشە ئازاد بێ، بەڵام نابێ بەردەنگی خۆیان فەرامۆش بکەن. ئەگەر بۆخۆیان دەنووسن، با بەرهەمەکەیان هەر چاپ نەکەن. ئۆرهان پاموک پۆست مۆدێرنە، بە**

**ڵام گێرِانەوەکانی تا دوایی بەدوای خۆیانا ڕاتدەکێشێن. تا کتێبەکانی تەواو نەکەی، واز لە خوێندنەوەیان ناهێنی. من خۆم لە ڕێگەی خوێندنەوەی چیرۆکەوە بوومە چیرۆکنووس نەک لە ڕێگەی خوێندنەوەی فەرمۆڵەکانی چیرۆکنووسین. ناڵێم ئەوانە نەخوێندرێنەوە. دواجار منیش خوێندمنەوە. بەڵام مرۆڤ بەمجۆرە خۆی شتێکی نوێ دەدۆزێتەوە، تۆ ئەگەر شتێک بدۆزیتەوە، چێژێکی تایبەت بە خۆی هەیە و هێزی بیرکردنەوەت دەباتە سەر. من ئەوەندەم چیرۆک خوێندەوە کە شێوازەکانی چیرۆکنووسینم بۆ دەرکەوت. بۆیەش هەموو شتێک لە ئەنجامی هەوڵدانەوە مەیسەر دەبێ.**

زۆر سوپاس بەڕێز دەروێشیان.

**ـ منیش سوپاستان دەکەم.**



## عەلی ئەشرەف دەرویشیان لە چەند دێڕێکدا:

ـ ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی لە کرماشان لەدایکبووە.

ـ ماوەیەکی زۆر مامۆستا بووە.

ـ هاوینی ١٣٥٠ بەهۆی چالاکیی سیاسی و کۆمەڵەچیرۆکی "از این ولایت" دەستگیر کراوە و هەشت مانگ لەزینداندا ماوەتەوە.

ـ سێ ساڵ دواتر، لەکاتێکدا سێ مانگ بەسەر زەماوەندەکەیدا تێپەڕیبوو، دیسان دەستگیر کرایەوە و بە پازدە ساڵ زیندان حوکم درا.

ـ دوابەدوای شۆڕشی ئێران لە زیندان ئازاد کرا.

ـ بەرهەمەکانی بۆ پازدە زمان وەرگێڕدراون.

ـ هەندێک لەبەرهەمەکانی بریتین لە: "از این ولایت"، "ابشوران"، "فصل نان"، "قصەهای بند"، "سالهای ابری"، "درشتی"، "روزنامەدیواری مدرسه ما"، "افسانەها و متلهای کردی"، "فرهنگ گویش کرمانشاهی"، "فرهنگ افسانەهای مردم ایران"، "نقدو بررسی ادبیات کودکان و نوجوانان".

سەرچاوە: گۆڤاری "ئیلیان"

# چیرۆکی میوان

## «زەوی سەخت و ئاسمان دوور»

**١**

مانگی گوڵانە، هەورە برووسکەیە و باران دەباریّ. سیامەند بەیانی چووە بۆ زانکۆ هێشتا نەگەڕاوەتەوە، زەنگیش بۆ مۆبایلەکەی لێدەدەین دایخستووە. دایکم ئەوندەی نەماوە شێت بیّ: "زەنگیّ بۆ کەژاڵ لێدەن بەشکم لەویّ بێت."

ـ بۆلە خۆمانەوە ئەویش پەرۆش کەین، ئێستا لەویّ بوایە هەزارجار بوو زەنگیان لێدابوو.

بۆ چەندەمین کەڕەت دەچوو لای پەنجەرەی نێو کۆڵانەکەو سەری لیّ دەبردە دەریّ: "چەن جار پێتان بڵێم چوون بۆ شوێنیّ زانیتان زۆرتان پیّ دەچیّ زەنگیّ بۆ ماڵیّ لێدەن بڵێن لە فلانە شوێنین با منیش ئەوندە نەکەومە ناڕاحەتی و عەزابەوە. بۆ مەگەر قسە بەگوێیانتا دەچیّ، هەر دەرد و زووخاون."

ـ دایکەی گیان باشە تاویّ ئارام بگرە لەوانەیە ماشێنی دەس نەکەوتبیّ.

ـ لە بەیانییەوە.

ـ دەی خۆ چی بووە لەوانەیە لەگەڵ هاوڕێکانی چوونەتە شوێنیّ یان کاریّ بووە پێی نەکراوە جاریّ بگەرێتەوە.

ـ ئاخر قوڕی کویّ کەم بەسەرخۆمدا مۆبایلەکەی بۆ داخستووە؟؟!!!

ـ مۆبایلە حەتمەن شارژەکەی تەواو بووە. یان لەشوێنێکە ئانتێن نادات.

ـ کچم ئەوە تۆ دەڵێی چی یانی لەو مهابادەدا تەلەفۆنێک نییە ئەو زەنگێکی پێ لێدات.

بەدەم ژمارەگرتنەوە لەوێنەکەی تەنیشت تەلەفونەکە دەڕوانم. وێنەی کاکمە. هەموو دەڵێن بۆ ئەسمەری و باریکەڵەکەی چووەتەوە سەرباوکمان. بەڵام چاو و برۆ ڕەشەکەی لە دایکمان دەچێ. پرچە هەڵدراوەکەی لە ڕۆن و ژل دا دەدرەوشێتەوە. هەرکەسێ سەیری کات دەزانێ بەو سمێڵە تەنکەیەوە وا ماوەیەکە دەیهێڵێتەوە نابێ زۆرتر لە بیستوپێنج ساڵی بێت:" ڕەنگە لەدەرێی مهاباد بێت."

دایکم بەدەست و لێوگەزینەوە ئاوڕم لێدەداتەوە:" ئێستا ئەو کچە داماوەش لەخەو بووە."

ـ خەتای خۆتە هەر دەڵێی زەنگ لێدە، زەنگ لێدە. ئەیچۆن بەو نیوەشەوە لەخەو نابێت.

ـ ئەی چارەمان چییە دەڵێی خۆم کەم بەژێر لێفەکەمدا و بخەوم.

ـ من براکەی خۆم باش دەناسم بێتەوە بزانێ وامان کردووە قەڵس دەبێت.

ـ بەڕاستە قەڵس دەبێت. با بێتەوە دەزانم چۆنی عیلاج کەم.

ـ دایکە ئەو ئیتر مناڵ نییە..

بەدەنگە خەواڵووە پیاوانەکەی پشت تەلەفۆنەکە قوڕگم خاوێن دەکەمەوە:" ئەلۆ، ئەلۆ."

ـ ئە.. لۆ.. فەر..م.. وون.

دەنگەکە لەپشت هێڵەکەوە بڕگەبڕگە دەبێت و بە لەت و کوتی دەگاتە گوێم:" سڵاو ببەخشن بەم شێوە مووزاحیم دەبم. گووشی کاک کارۆیە.

ـ ئەلۆ.

ـ دەڵێم مۆبایلی کاک.. .

ـ سنوور گیان کارت بوو.

ـ نەخێر کاکەی گیان من کەژیارم.

ـ کێ؟

پیاوەکە دەڵێی خەریکم گاڵتەی لەگەڵ دەکەم و لەخۆمەوە زەنگم بۆ لێداوە:"کێ؟"

ـ خوشکی سیامەندم.

ـ سیامەند!!!

ـ کەریمی.

سەرەتا وەک ئەو کەسانەی وا بەهەڵە ژمارەکەی دەگری بەربووە ژاوەژاو دوایە دەنگی هەڵبڕی. دەمتوانی هەروا کە گوشی تەلەفۆنەکەم بەگوێوە نابوو و لەگەڵی قسەم دەکرد وێنای کەم چۆن گێژ و خەواڵوو لەنێو نوێنەکەیدا دانیشتووەو لە تاریکی ژوورەکەیدا تێدەکۆشی ژمارەی سەرمۆبایلەکەی بپشکنێ بزانێ هی ماڵی ئێمەیە یان نا. یان بزانێ ساعەت چەندە وا هێشتا تێرخەو نەبووە و دەنگی هاواردەکات دەیەوێ دیسانەوە سەرخەوێکی تر بشکێنێ:" ئا.. ببەخشە دادەی گیان.. وامزانی سنووری خوشکم.. وتم دەبێ بەم کاتە.. "

ـ تکایە دەکەم ئێوە ببەخشن وا لەخەوتانم کرد.

ـ بەم وەختە خێرە؟ کاک سیامەند چۆنە؟"

ـ ئەی لەلای ئێوە نییە؟

ـ چۆن، لای من؟

ـ ئەرێ.

ـ ناوەڵڵا بۆ؟

ـ ئەمڕۆ بەیانی چووە بۆ زانکۆ هێشتا نەگەڕاوەتەوە. وتمان لەوانەیە پێکەوە بن. یان سەردانی ئێوەی کردنێت.

گوێم لە باویشک دانەی بوو کە نەیدەویست پێی بزانم:".. بڕواکەن.. دوو، سێ ڕۆژە هەر خەبەریشم لێی نییە."

ـ دە ببەخشن ئێوەشم لەخەو کرد.

هێشتا هەر گێژ بوو، وەک بڵێی بەدەم خەونەوە قسەی دەکرد:"نا، نا خوشکی خۆم.. " ئەمجار گوتی:" لەوانەیە لەشوێنێ میوان بێت.. هاتەوە بڵێ زەنگێکم بۆ لێدات."

ـ بەسەرچاو. حەتمەن.

دایکم ڕایکردە لای ڕەخت ئاوێزەکەی قەد دیوارەکە:" وانابێت. دەچم بەدوایدا بزانم بەو کاتە لەدەرێ گووی چی دەخوات."

ـ بەو بارانەیە.

ـ گوێ قوڵاغ بە نەکا زەنگ لێدات. من هەتا ئەو شەقامەی لای خۆمان دەچمە خوارێ.

- دایە ڕاوێستە با تۆزێکی تریش چاوەڕێ کەین.

بێ وەڵام دانەوە دەستی دایە چەترەکەی شان دەرگەکە و بەدەرکەوت.

**٢**

جووتێ کەوشی ژنانەی بێ پاژنە لەدەم پادەرییەکە داکەندرابوو لەوانەی دادەم دەچوو. دوێنێ ئێوارە لە فەرمانداریی‌یەوە زەنگیان بۆماڵمان لێدابوو هەتا بچین بۆئەوێ، دادەم کەبەوەی زانی نەیهێشت من ودایکم بچین، لەگەڵ دایکم پێکەوە چوون. هەرچەن زۆریش گوتم بامنیش بێم:"تایەمە ژوورێ هەر لەدەرێ چاوەڕێتان دەکەم."

- دێی دەڵێی چی مەگەر دەرست نییە.

- بە گۆڕی باوکم قسە ناکەم.

- سوێند مەخۆ هاتینەوە چیان پێمانگوت بۆتی دەگێڕمەوە.

- دادەی گیان دادە.

هەردووکیان سەریان بەیەکدا کردبوو و پێکەوە دانیشتبوون. دایکم وێنەکەی سیامەندی بە سینگەوە نووساندبوو و بەدەم گریانەوە قسەی بۆ دادم دەکردەوە:" ماوەیەک بوو هەر خەونی هاشەوپاشەو ناخۆشم دەبینی، بۆ مناڵەکانیشم گێڕاوە وەخت بوو بمکەن بەکێودا. دەیانوت، ئاشا دایکمان باسی چیمان بۆ دەکات. وتی وانییە، خەونەکان نیشانەن کوڕم زۆرم پێ وت زۆۆر ئای کوڕە جوانەکەم ئای..

- هاتوونەتەوە؟

دادەم بەسووچی لەچکەکەی سەری چاوەکانی سڕی. دیار بوو گریاوە:"هاتیەوە."

- بەڵێ هەر دەرسەکەمان تەواو هەتا ماڵێ گیر نەبووم.

دادەم تەکانێکی لەخۆی دا و دەستی دایە جانتاکەی:" منیش ئیتر دەبێ بڕۆم. لەمێژە لێرەم. ئەمڕۆ پێنج شەممەیە مناڵەکان زوو لە مەدرەسە دەردەچن."

دایکم هەروا سەری لەوێنەکەدا بوو. بەگومانەوە سەیری خوشکمم کرد:"ئەی بۆ چیتانیان بوو؟ زەنگیان لێدابوو چی بڵێن. هیچ بووە؟"

خوشکم لەچکەکەی لەبەر دەمی ناو و دوای سەیرکردنێکی قووڵی دایکم بەسرتەوە گوتی:" دەڵێن نابێ کەس بەون بوونی کوڕەکەمان بزانێ، دەنا"

- چۆن؟

- جیا لە ئێمە چەن بنەماڵەیەکی تریش هاتبوون دەیانگوت وەک خۆمان لەمێژە منداڵەکانیان بێ سەروشوێنن. هەرچەن ئەوان هێندێکیان پەروەندی سیاسیان هەبوو و چەن جارێکی تریش هەر بانگکرابوون وئاگاداریان کردبوونەوە. چەن کچێکیشیان تێدا بوو کە ساڵێک بوو بنەماڵەکەیان نەیاندەزانی لە کوێن.

- جا ئەوانە پەیوەندییان بە سیامەندەوە چییە؟ براکەی من کاری بەو کارانەوە نییە.

- چووزانم هەرکەسەو قسەیەک دەکات. دەیانوت دەنا بێت و بزانین لێرەولەوێ باستان کردبێت هەتا ئەو ڕۆژەی ماون..

خوشکم لەبەر گریان قسەی بۆ نەکرا..

- قسەی چی!!! مەگەر براکەمان خەریکی چی بوو جگە لەوەی دەچوو بۆ زانکۆ و لەوێشەوە بۆ ماڵێ دەگەڕاوە. ئەوە دەیانەوێ بەو قسانە بمانترسێنن دەنا برای ئێمە چی و کاری سیاسی چی؟

خوشکم لەچکەکەی لەبەردەمی لابردەوە، دەتگوت دەترسا کەسێ خۆی لێمان داگرتبێ. هەتا دەهات دەنگی نزمتر دەکردەوە:" بۆ ئەوەی دڵنیا بم لەگەڵ ئەوانەدا نەبوو منیش ژمارەی ماڵێم بە یەکێک لەو کەسانە دا. ژنێک بوو ناوەکەیم نەپرسی وتم گەر هاتوو شتێک بوو ئێمە ئاگادار کەوە."

لە تووڕەییەدا لێوەکانم دەلەرزێ و شادەماری ملم تۆزێکی ماوە دەرپەڕێتە دەرێ:" دادە ئەوە تۆ خەریکی باسی چی دەکەی کاکم و کاری.. "

- بۆ باوکمان چی کردبوو؟ هەرلەبەر ئەوەی جارێ پیاوێکی چەکداری لەماڵەکەیدا حەشار دابوو تیرباران کرا. نەیانهێشت چاوی بەبراکەشی کەوێ. وتیان دژە حکومەتە و تیربارانیان کرد. ئێستاوئێستاش نەمانزانی گۆڕەکەی لە کوێیە.

دایکم بەکوڵتر لەدوایی بەسەر وێنەکەدا گریاو دەنگی هەڵبڕی:" خوایە ڕوو لە کوێ کەم.. چۆن هەتا ئێستا شێت نەبووم. بۆ ئەو بەخت و نێوچاوانەی منت ئاوا ڕەش کردووە، خوایەی گیان.."

دادەم دەستەکانی گرت و شان وملی بۆ داهێنا:" نا دایەی گیان ئیشەڵڵا ڕەش نابێت. بن داروبەردی بەدوادا دەگەڕێین. سبەی هەینییە منداڵەکان دێنم بۆ ئێرەو لەگەڵ کەژیاردا بەجووت دەچین بەدوایدا دەگەڕێن. هەر شوێنێ عەقڵمان بیبڕێ دەچین."

ـ لە کوێ بۆی دەگەڕێی؟؟ شوێن نەماوە لەگەڵ ئەو کچەدا بۆی نەچووبێتین. نەخۆشخانە، ساردخانە، پارک، سینەما، هۆتێل.چووزانم تەنانەت بۆ زەوی یاری تۆپی پێش چووین. کوێی بۆ دەگەڕێی ئاخر..

ـ دەچینەوە بۆلای هاوڕێکانی. مەگەر نەتانوت کەسێکیان گوتوویەتی ئەو ڕۆژە بینیویە. ناوی چی بوو؟

دەڵێم:" هیوا، ناوی هیوا ڕەحمانییە."

ـ بەشکم شتێکی تریشی وەبیر هاتبێتەوە.



**٣**

هیوا کوڕێکی سوورکارەی دەمووچاو شڵ بوو. کورتە باڵا و خڕ بوو. دایمە کۆت و شەڵواری لەبەر دەکرد ئەویش خۆڵەمێشی. کراسەکانی ژێرەوەشی سپی بوو. کەوشەکانیشی لەو تەڵخەکییە نووک تیژانە بوو. ئەو تەنیا کەسێک بوو کە ئەو بەیانییە چاوی بە سیامەند کەوتبوو یانی براکەمی بینیبوو. ئەویش دووراودوو. کەچووی بۆلای لە کافتریای زانکۆکە بە تەنیا لەسەر مێزێ دانیشتبوو چای دەخواردەوە و لەبەریشەوە چاوێکی لە کتێبەکەی بەردەستی دەکرد. پەنجەکانی دەستی خروخۆڵ و سپی بوون.

- سڵاو

هەرچەن پێشتر ئاگادارم کردبووەو کە دەمانەوێ لەگەڵ خوشکم ببینین بەڵام بەهاتنمان زۆر شڵەژابوو. یانی وەختایەک خوشکم گوتی سڵاو ئەو تەواو تێکچوو. وەک کەسێ لەناکاو بەعی لێ کردبێت داچڵەکێ. ناو دەمی وشک ببوو و زمانی دەگیرا:" س..سڵا..ڵا.. وو. فەر.. مم.. وون، دانیشن."

ئەویش هەرهاوتەمەنی کاکم بوو، بیستوپێنج ساڵی دەبوو بەو پێجەوانەی شێوەی و چاوە زۆر بۆرەکانی. دادەم ڕانەوەستا قسەکەی تەواو کات:" کاکەی گیان ئێوە براکەی منتان لەکوێ بینی؟"

هیوا بەگومانەوە چاوێکی لێم کرد وەک دەیویست بلێ دیسانەوە بەڵام لەجێی ئەوە ڕووی دەمی کردە کەژاڵ و گوتی:" ع..عەرزی دایەخانم و خاتوو کە.. کژیارم کردووە لە..ە پێپلیکانەکان دەهاتە سەر.. "

- پێپلیکانی کوێ؟

کەژاڵ مەجالی قسە کردنی پێ نەدەدا. نیگا شڵەژاوە شەرماویەکەی لەمنەوە بۆ دادەم دەبڕی:"زانکۆ!"

- کاکەی گیان چیتان دیوە وردورد بۆمی بگێڕەوە.

- لەسەری ڕاوەستام بێت پێکەوە بچینە ژوورێ، هەندێ لەکاری مانگنامەکەی زانکۆمان مابوو دەبوایە تەواومان کردایە. هەڵبەت خۆی سەرپەریشتیاری بوو.

- دوایی؟

ـ بەرلەوەی لە پێپلیکانەکان سەرکەوێ ماشینێ هاتوو لەبەردەمی شلی کردەوە، یانی سەرەتا سیگناڵی بۆ لێدا ئەویش ئاوڕی بۆ داوە. ئەمجار ئەو چووە خوارێ تۆزێ قسەیان کرد و ئەمجار ئەویش چوو سوار بوو، ئیتر ڕۆیشتن.

ـ کێ بوون؟

ـ نازانم بەخوا.

ـ چۆن یانی نەیانت بینی؟

ـ وتم ئەوان لەنێو ماشێنەکە بوو. هەروەهاش شووشەکانی ڕەش بوو.

ـ هەڵسووکەوتی براکەمان چۆن بوو؟

ـ ئاسایی بوو؟

ـ یانی نەشڵەژابوو یان بیەوێ ئاماژەیەکت پێ کات.

ـ نا

ـ ماشێنەکەیان چۆن بوو؟

ـ زانتیا بوو.

ـ چەن کەس بوون؟

ـ کەسیانم نەدی.

ـ ئەی چۆن مەگەر نالێی دیومە؟

ـ گوتوومە ماشێنەکەیانم دیوە ئەویش شووشەکانی تاریک بوو، یانی ڕوونیش بوایە هەر نەمدەدی لەبەرئەوەی باران دەباری.

ـ دڵنیای سیامەند بوو.

قسەکانی دادم چەندە زووزوو بوو بەوشێوەیەش ئینسانی دەبووغزاند. زۆرتر لە لێپرسینەوە دەچوو هەتا قسەکردن. دەتگوت خەریکە لەسەرە داوێ دەگەڕێ. بەسەرسووڕمانەوە لە دادم ڕوانی:" دادە کاک هیوا و کاکمان هاوڕێی گیانی بەگیانین."

ـ بێدەنگ بە کەژیار.

هیوا بەم قسەیە زۆر تێکچوو:" چۆن من هاوڕێی خۆم ناناسمەوە. شاڵوارە سوورمەیە لییەکەی و کۆتە مەخمەرە زریشکیەکەشی لەبەردابوو."

ڕاست ئەو جل و بەرگەی نێو وێنەکە بوو وا لە حەساری زانکۆکە کێشابووی.

٤

مەعموری پشت مێزەکە چاوزەقێکی ڕیشن بوو. بە فارسی قسەکردنەکەیدا دەتزانی تورکە:" بله خواهر چی می خواید؟"

- بابی بابم کوڕەکەم لەدوێنێ بەیانیەوە چووە بۆ زانکۆ هێشتا نەگەڕاوەتەوە. زەنگ بۆ مۆبایلەکەشی لێدەدەین داخراوە.

- خواهر فارسی جواب بده.

دایکم بە گریاوە ئاوڕم لێدەداتەوە.

- بیاید جلو.

مەعمورەکە بەسەر ئاماژەمی پێ کرد بچمە پێشێ.

- بفرمايد.

بەفارسی پێمگوت کە براکەم لە دوێنێکەوە کەچووە بۆ زانکۆ هێشتا نەگەڕاوەتەوە. ئەویش هەروا کە لەپشت مێزەکەی دانیشتبوو گوێمی بۆ شڵ کردبوو. ئەمجار ناو و پاشناوی لێم پرسی:"سیامەند کەریمی." پرسی براتە، گوتم:" بەڵێ ئاغا." تەمەنی پرسی، گوتم:" بیستوپێنج ساڵیەتی." لە کارەکەی پرسی، گوتم:"خوێندکاری زانکۆیە، ئەمساڵ دوواهەمین ساڵیەتی ئیتر بۆ فەوقەکەی دەخوێنێ." گوتی لەوانەیە لەماڵی هاوڕێیەک یان خزمێکتان بێت. گوتم:" نا، ئاغا براکەم قەت ئاوا بێ هەواڵ و بێدەنگ بۆهیچ کوێ ناچێ. پرسیارمان لە هاوڕێکانیشی کردووە جگە لە یەکێکیان نەبێ کە دەڵێ ئەو ڕۆژە بینیویە سواری زانتیایەک بووە ئیتر کەس هەواڵی لێی نییە. مەعمورەکە ئەمجار شێوەی پرسیار کردنەکەی گۆڕی و دەیویست بزانێ پێشینە وشتی خراپی بوو. خێرا دەنگم هەڵبری:"نەخێر ئاغا براکەم خوێندکارە." ڕووی دەمی کردە دایکم:" حاج خانم شوهرتون کجاست؟"

دایکم چارشێوەکەی لەبەردەمی نا:" مستەفا!"

کەوتمە بیر کەژاڵی خوشکم:" ئەودەمانە ئێوە زۆر مناڵ بوو هەر من و دایکم بووین. هەرئەوەی کە باوکمانیان برد دوو ڕۆژ دوای ئەوە ئاگادارکراینەوە بچین بۆ ڕەزایە. هەر

مامەگەورەمان لەگەڵدابوو. ئەویش جیبێکی بۆری هەبوو. بەفر سەهۆڵبەندانێک بوو نەبێتەوە. چاوچاوی نەدەبینی، ڕێگاش چی. لەوێش نەیانهشت مامە گەورە بێتەژووریّ:"من چرا ناتوانم بیبینم؟"

مەعموورەکە درێژێکی بەدفەڕبوو. وەک سەگ دەرگەکەی گرتبوو:" نمیشە فقط خانوادە."

- من برادەریم.

- نمیشە.

پێنج شەش پیاوی چەکدار لەپێش و دوامانەوە دەڕۆیشتن. من ئەو دەمانە هەر دەساڵێکم دەبوو. لێرەش کۆماری کوردستان ڕاگەیاندرابوو. سەرەتا وامانزانی گاڵتە دەکەن. ئاخر خۆ باوکمان هەرهیچی نەکردبوو پێمانیان دەگوت گەر لێمان ڕوونەوە بێت سەربەهیچ لایەنێ نییە ئەوە بەری دەدەین. لە دوو، سێ ساڵۆنی باریک و درێژی ساردوسڕەوە تێمانیان پەڕاند. کاتێ ئێمەیان بردە سەری بڕوامان نەدەکرد. لە ژوورێکی ڕەق و تەق لە سووچێک ڕایانکێشابوو و نایلۆنێکشیان دابوو بەسەریدا. یانی هەتا سەریان لانەبرد نەمانزانی خۆیەتی. دایکمان یەکەم کەس بوو چاوی پێیکەوت:"مستەفا!!!"

بەدوایدا من چوومە لایەوە. سەرسینگ و دەمووچاوی، ئازای گیانی خوێن بوو. فیشەکەکە ڕاست نێوچاوی پێکابوو، بەڵام هێشتا گەرم بوو:"باوکەی گیان، با... !!"

بەزۆر لەژوورەکە بردمیانە دەرێ:" وقت ملاقات تمام شد."

مامم لەو بەرسەرمایە بەتای کراس و پاتۆڵەکەیەوە هەڵدەلەرزی و چاوەڕێی ئێمەی دەکرد. بەکرانەوەی دەرگەی گرتووخانەکە بەڕاکەڕاک بۆلامان هات و دەستەکانی دایکمی گرت:" براژن ئەی کوا براکەمام؟"

- مستەفا، م..

- باید تا بیست و چهار ساعت صبر کنید، وان وگت میگیم تا بچە دنبالش بگردن.



٥

دوو مانگ لەو شەوە باراناوییە تێ پەڕیوە. لەدەس مێش ومەگەز دەرگەو پەنجەرەمان تۆڕ گرتووە. لە چێشتخانەکە خەریک بووم قاپەکانم دەشووشت دەنگی تەلەفۆنەکەم بیست ئاوێتەی گڤەگڤی کولێرەکە دەبوو. بەرلەوەی پێی بگەم دایکم گوشیەکەی بە گوێەوە نابوو:" ئەلۆ کوڕم، سیامەند گیان، ئەلۆ."

دایکم لەو دەمەوە هەرکەسێ زەنگی بۆماڵمان لێدەدا وای دەزانی دەبێ ئەو بێت هەربۆیە یەکەسەر دەیگوت سیامەند خۆتی. گوتم :"کێیە؟"

دایکم دەمی بە گوشیەکەوەنابوو:" بەڵێ خۆمانین."

ـ دایە؟

بەدەم گوێگرتنەوە ئاماژەی کرد هەتا بێدەنگ بم:" بەڵێ دەزانم، بەڵێ."

خۆم گەیاند پەنا گوێیەوە بەڵکوو شتێکم لێ دەرکەوێ. بەڵام بەرلەوەی شتێک حاڵی بم تەلەفونەکەی داخست و گوتی:" زووکە ساز بە دەبێ بڕۆین."

ـ بۆکوێ؟

ـ دەڵێم زووبە.

بەدوایدا چوومە لای ڕەخت ئاوێزەکە وەدەستم بۆ جلەکانم برد. دەستەکانم کەڤاوی و تەڕ بوون. بێ ئەوەی لە ئاوێنەکە بڕوانم مانتۆکەم لەبەرکرد ولەچکەیەکم خستە ملمەوە. بە پەلە کیفەکەم بەدەستەوە گرت و بەدوای دایکم لە ماڵێ چووینە دەرێ:" باشە ڕاوێستە با پێکەوە بڕۆین."

کەوشیش هەر دەمپایەکانی ماڵێم لەپێ دابوو. نەگەیشتوو بەشەقامەکە چارشێوەکەی دابەخۆیدا و بۆسەرێ چوو. بەدەم ڕێوە دووگمەکانی مانتۆکەمم داخست:"دایە."

هەتا من پێی گەیشتم ئەو تاکسییەکی ڕاگرتبوو:"ترمیناڵ."

ـ تەرمیناڵ بۆ؟

ـ دەڵێم سوار بە.

ـ لانیکەم ڕاوەستابای تاکوو زەنگێکم بۆ دادە کەژاڵم لێدایە، یان..

ـ فریا ناکەوین، دەبێ هەتا قەدەرێکی تر لەوێ بین.

ـ کوێ؟

دایکە مەینەت و گرینۆکەکەی ئەم ماوەیە ببوو بە ژنێکی بەهێز کە بێ ئەوەی بگریت لەپێشێی دەڕوانی و لە شۆفێری تاکسییەکەی دەیویست هەتا خێراتر لێی خوڕێ:"دادەی گیان لەوە تووندتر بڕۆم خوا نەخواستە تووشی ڕووداوێکیش دەبین جا ئەودەم ئێوە دێن قەرەبووی دەکەنەوە."

ـ دەزانم کوڕم بەڵام هەموو ڕۆژێ ڕۆژێک نییە.

ـ باشە دادە خەمتان نەبێ دەتانگەینم.

ـ قەزاتان لەمن کەوێ.

کە داشبەزین ئەوەندی پەلە کرد تەنانەت ڕانەوەستا شۆفێرەکە باقێکەماند بداتەوە.

ـ دایە باشە لانیکەم پێم بڵێ  بەم پەلەپەلە بۆکوێ دەچین؟

ـ کەچووین دەزانی.

٦

زیاتر لە سی ژن دەبوون. لەمن منالێتر و لەدایکم بەتەمەنتریشیان تێدا بوو. یەکێک لەژنەکان کە چل ساڵێکی دەبوو بەرەوپیرمان هات. دەتگوت پێشتر دایکمی دیبوو. پێکەوە بەربوونە چاک و خۆشی و گوتی:" ئایشێ خانم گیان هاتن."

ـ ئەرەوەڵڵا خودا چاکتان بۆ بکات ڕەبی هەر زەنگتان لێدا دەستی کچەکەمم گرت و بەدەرکەوتین.

ژنەکە بەرێزەوە چاوێکی لێم کرد، گوتی:" دەی باشە ئیتر دەڕۆین.

ئەها ئێستا زانیم ژنەکانی ئەوجارەن وا دادەم باسی کردبوون:" بۆکوێ؟"

ژنەکە بێ ئەوەی ئاوڕم بۆ بداتەوە یان سەیری چاوەکانم کات هەروا کە لەگەڵ دایک دەڕۆیشتن گوتی:" گۆڕستانەکەی دەرەوەی شار."

یەک دووجار باسم بیستبوو. شوێنێکی کۆنە. هی وایە دەڵێن پێشتر گۆڕستانی جووەکان بووە دوایە کە ئینقلاب بووە دەوڵەت لیبیانی وێران کردووە. هی واشە دەڵێن لەسەردەمی ڕەزا شادا هەرکەسێکیان لە سێدارە دەدا تەرمەکانیان لەوێ دەشاردەوە:"جا بۆ ئەوێ؟".

ـ ئەوێ بۆ نا؟!

ژنێکی سپی کەلەی گەڵەگەت و چاو کاڵ بوو. لەنجەولارەکەی لەمانتۆ درێژەکەیدا خستمیە بیر فاشێن شووەکان. بە دەنگە نەرم و لەسەرەخۆیەکەی ئەوندە بە دڵنیاییەوە دەدوا کە نەتدەتوانی نا ی پێی بڵێی:" زووکەن ئۆتووبووسەکە چاوەڕێمانە."

دیار بوو ڕۆژی پێشتر تەدارکیان گرتبوو. شۆفێرەکە پیاوێکی سەرڕووتاوەی سمێڵی بوو کەبەرلەوەی بچینە پێشێ دەرگەکەمانی بۆ کردبووەو:"فەرموون سەرکەون."

هەمووان سەرکەوتین و بێدەنگ لەسەر کورسیەکان دانیشتین. ژنە چاوکاڵەکەش لە کورسیەکەی تەنیشت شۆفێرەکەوە دانیشت. وەک بڵێی دەیویست دڵنیا بێت کە کەسمان بەجێ نەهێشتووە یەک دووجار هەستاوەو بە چاوەکانی تەواومانی بەسەر کردەوە:" دەبا بڕۆین."

لەرێگاش کەس وستەی لێوە نەهات. جگە لەو چەن کەسەی وا جاروبارە سەریان بەیەکدا دەکرد و زووش بێدەنگ دەبوون. یان بەلوێی لەچکەکانیان خۆیان باوشین دەکرد. ئەوندەی نەمابوو بە جەوە تووند و ئارەقاویەکەی نێو ئۆتۆبووسەکە بڕشیمەوە کە شۆفێرەکە لایدایە سەر ڕێگا خۆڵەکە:" دایک و خوشکەکانم فەرمووونە خوارێ. هەر ملی ئەم ڕێگایە خاکیە بگرن و بڕۆن دەگەنە ئەوێ. ویستان بێنەوە زەنگ لێدەن خێرا دێمەوە شوێنتان."

ژنە چاوکاڵەکە بەرێزەوە سپاسی کردوو و بەچاو ئاماژەمانی پێ کرد هەتا زوو دابەزین.

ڕێگایەکی سەیر بوو، هەتا زۆرتر دەچووینە پێشێ پان وبرین تر دەبوو. لە شوێن پێی تەگەرەکان و ئەو خەندەکانەی لە دوورەوە لێمانەوە دیار بوو دەزانرا کەسانێ ماوەیەک لەوەپێش لێرە خەریک کارێ بوون. تەنانەت بۆ ئەوەی کەسیش نزیکی لای ئەو خەندەکانە نەبێتەوە دەوران دەوریان بەردچن کردبوون . هێندێ لەژنەکان وەک خرپەیەک کەوتبێتە دڵیانەوە بەدەم گریان و هاتووهاوارەوە هانایان بۆ خودا و پێغەمبەر دەبرد و بۆ مناڵ و خوشک و برا بێ سەروشوێنەکانیان دەکڕووزانەوە. هێشتا قاچمان نەنابووە ئەوبەری بەردەکان پۆلێک قالاو لەشەقەی باڵیاندا و بەسەرسەرمانەوە هەڵفڕین. جارێ، دووان، سیان.. هەتا دەهات پۆلی قۆلاوەکان زیاتر دەبوو هەڵدەفڕین و لەولای خەندەکەکان ولەسەر تەپۆڵکە خۆڵەکان دەنیشتنەوە:" باوکە ڕۆ ئەوە چییە؟"

هەمووان بە گومانەوە لەو پەڵە ڕەشانەمان دەڕوانی وابە ئاسمانەوە فڕکەیان دەکرد و لەولاوە دەنیشتنەوە:" لێرە چ باسە؟"

لەو قسانەدا بووین کە یەکێ لە ژنەکان والەپێش هەموومانەوە چووبووە سەر خەندەکەکان هاوارێ لێ هەستا:" کوێرایم دایە ڕەبی، خۆ ئەوان لێرەن."

ـ کێ؟

هەموویان وەک شێت بووبێتن بەڕاکەڕاک خۆیان هاویشتە نێو خەندەکەکانەوە:" دایکە ڕاویستە."

هەر ژنێکت سەیر دەکرد بەدەستەکانی تێ بەری بەرپێ و لاشانی خۆی ببوو وهاواری دەچووە ئاسمان.

ـ کەژیار، کەژە.

بەدوای دەنگەکەدا چوومە سەر گردە خۆڵەکان:"دایە."

دایکم لەنێو یەکێک لە خەندەکەکاند کەوتبوو. قووڵایی هەرکامەیان نیومیترێ دەبوو. دەمووچاوی لە ئارەقدا سپی هەڵگەڕابوو. تۆزێکی مابوو هەناسەی ببڕێ:"زووکە وەرە خوارێ.. وەرە کاکت لێرەیە، سیامەندم دۆزییەوە."

لەخۆشیدا تۆزێکی مابوو گەشکە بمگرێ:"دایەی گیان دایە کوا؟"

ـ وەرە خوارێ.

قۆڵی کۆتێکی مەخمەری زریشکی پیاوانە لە خەندەکەکە هاتبووە دەرێ:" دە زووبە وەرە ئەوە سیامەندە، خۆیەتی، هانی ئەوە کۆتەکەیەتی."

وەبیر قسەکانی هیوا کەوتمەوە:"خۆی بوو، دڵنیام."

ئارەق و فرمیسک زەنگۆڵ زەنگۆڵ بەدەمووچاوما دەهاتە خوارێ. بەڵام وەک شتێکی لووسم بەدەستەوە بێت بەپشتەوە دەکەوتمە نێو خەندەکەکەوە.

ـ کەژ، ک..

دایکم ڕق بە دیوای خەندەکەوە حەپەساو لەمنی دەڕوانی. پەنجە کرم تێدراوەکانی کاکم دەبینی بە پەنجەکانی دەستمەوە هاتبوو:" سیاااااامەنددددددددد... سسسسسسسسسسس."

ویژه و فرکەی ماشێنەکانی پۆلیس دەنگی قاڵاوەکانی دەبری:" کشافتای بیشعور با اجازه کی امدین اینجا، یاللا از اینجا گمشید بیرون."


ـ ما نمیریم.

٧

هەتا مانگێکیش کەس قسەی لەدایکم نەبیست. وەک بڵێی بەڵێنی بەخۆی دابوو لای کەس دەنگ نەکات. هەر من نەبێت دادەم زووزوو دەمی بەگوێمەوە دەنا:" پێم بڵێ سیامەند چۆن بوو؟"

بیرم دەچێتە لای دەستەکانی:" قاڵاوەکان."

٭ شاناز جەوانشیر



## «ڕێباز»

قەیتانی پێڵاوی کچەکەی دەکاتەوە و دێنە ژووری. قامک بە پرێزی برقەکەوە دەنێ. دوو سێ جار سەر و خواری پێ دەکا. هوشەی شێری ئاوەکە دایدەچڵەکێنێ. بە چوار سووچی ژوورەکەدا چاو دەگێڕێ.

"دامەنیشە جارێ."

سەیری ڕۆژژمێرە دەستییەکەی سەر میزەکە دەکا. "حەوتی بەفرانباری نەوەد و چوار". دەیگۆڕێ و دەیکاتە "هەشتی خاکەلێوەی نەوەد و حەوت." باتری سەعاتەکەش دەگۆڕێ. دەنگی وە کار کەوتنی سەعاتەکە تێکەڵ بە دەنگی هەناسەکانی کچەکەی دەبێ.

دەڕوانێتە وێنەی دووقۆڵی خۆلاوی دوو کچەکەی بە دیواری هاڵەکەوە. وێنەی پرۆفایلی خزمەکانی وەبیر دێتەوە. پرۆفایلی دایکیان، خاڵیان، تەنانەت مامیان...

چەندین جار بە وردی سەرنج دەداتە وێنەی سەر دیوارەکە و هاوکاتیش دەڕوانێتە ڕوخساری کچەکەی.

"یەکتان بە بێ ئەوی کە، بەتەنیا... نا ئێوە نەدەبوو دوانە بایەن، بەڵام هەن، هیچ ناکرێ. لانیکەم نەدەبوو ئەو دەم هەڵاتبای، نەدەبوو..."

ڕۆژژمێرە دەستییەکەی سەر میزەکە دەکەوێتە سەر فەرشەکە، "هەشتی خاکەلێوەی نەوەد و حەوت."

دەرگای دەرێ دەکاتەوە و ملی ڕێگا دەگرێ:

"دووش هەر برای یەکە. لانیکەم ئەوجار کەس وێنەی پرۆفایلەکەی ناگۆڕێ!"

* هێمن عەبدوڵاپوور



## «فۆتۆسەنتز»

پیاو و ژنێکی رۆژاوایی بوون، رەنگە هاوتەمەن. لە گەڵیان من وەک وەرگێڕ بووم. هاوینێکی گەرم بوو، چەند رۆژ ئەبوو لاملاولا پێکەوە ئەخولاینەوە. رۆژێکی گەرم لە رێگەی مابەین دوو شار، ویستمان لە شوێنێک وچانێک دەرکەین و شتێک بخۆین. لە قاوەخانەیەک کلمان کرد، کاتی نیوەڕۆ بوو. قاوەخانەیەکی چکۆلە و قەرەباڵغ بوو. چاوم گێڕا و، شوێنێکی خاڵیم لەو ناوە دۆزیەوە، بە ببەخشن ببەخشن رێگای خۆمان کردەوە. لە ناو گەرما و لە ژێر قورسایی نیگای خەڵکدا دانیشتین. هێشتا بە تەواوەتی دانەنیشتبووین کە گوێم لێبوو ژنێک لە پشتی سەرمەوە وتی "وای تەماشا کە، وا دیارە ئەو دووانە بیانین، داخۆ چۆن هاتوون بۆ ئێرە؟" لە وەڵامیدا بیستم دەنگێکی پیاوانە وتی "ژنەکە ئەوە چ پرسیارێکە؟ ئەوانیش وەک ئێمەن، هاتوون شتێک بخۆن، خۆ فۆتۆسەنتز ناکەن".

**❉ خەبات حەمید**



# بەتامی چیرۆک

## هیوا فەتحیان:

کاک ئەیوبی دۆستم بۆی گێڕامەوە:

ژن و مێردێک شەڕیان بوو، کاریان کەوتبووە دادگا، لە ئاخردا دادگا بڕیاری دابوو کە ژنە بچێتەوە لای مێردەکەی. ژنە بەو بڕیارەی دادگا زۆر تێک چووبوو، دەیزانی لەم وڵاتە یاسا تەشوێ بەدەست هەر بە لای پیاودا دەیتاشێ؛ بێ هیوا ببوو، دەستی کردبوو بە هەڕەشە لە مێردەکەی!

جا ئەوە ژنە وادەکا: بە قوربانی خوا بم، کاری چەند جوانە! پیاوەکە ئەوە دێمەوە بۆ لات، چارەم نییە، بەڵام بە خوا ناهێڵم شتەکەت لە شتەکەم کەوێ!

ـ ئەوە دەڵێی چی ژنەکە؟! بە خوا دەوڵەت بۆخۆی دێ تێی دەنێ!

## کامیل یاغیانی:

لەگەڵ ڕێزم بۆ دوکتۆرەکان کە مەحرەمی هەموو کەسێکن.

هاوڕێیەک گێرایەوە؛ بە دەست بێوەسیری عەجمینم لێ هەڵگیرابوو، نەمدەوێرا بچمە ئاودەست سەیر خوێنم دادەنا، لێ بڕام بچمە دووکتۆر، بەڵام لەڕووم هەڵنەدەهات، لە ناعیلاجیش هیچ ناکرێ. لە حەمام خۆم خاوێن کردەوە، کوتم لەبەر ئاوێنە یەک دوو عەکس دەگرم دەیبەم بۆ دوکتۆر، بەڵام ئەو جۆرەی دەمویست هەر دەر نەهات.

کوڕێکی دە دوازدە ساڵانەم هەیە پەنام بۆ برد، پێم کوت دوو سێ عەکسی قوونم بگرێ! ملی نا لە فلقوهۆڕ و حیلکانەوە، خەریک بوو دەروجیرانیشم تێ گەیێنێ!

دوو وێنەی بۆ گرتم باش دەرهاتن.

دوکتۆر فەیزی خۆ بگرە و هاتم...

نۆبەم گرت، خوایە بمێنم بڕۆم،چۆن دەری برم؟ لەو خەیاڵانە نووقم ببووم. ناوم هاتە نێو ناوانەوە، چوومە ژووری سفرە دڵم کردوە، گیانم سەر ئارەق کشابوو!

دوکتۆر کوتی بچۆ سەر ئەو تەختە ڕاکشێ، دۆخینەکەت شل کەوە با ببینم.

گوشییەکەم بە دەستەوە بوو، کوتم پێویست ناکا، عەکسی ڕەنگیم لە قونم هەڵگرتۆتەوە.

دوکتۆر زۆر پێ کەنی، کوتی هەتیوە برۆ دایکەنە، سەهلە تۆ من بە کچی چاردەساڵەی دادەکەنم، قونت دەڵێی جەنگەڵە...

جا سەیرتر لەوە دوکتۆر دوو سێ قامکیشی لە کۆمم ڕۆ کرد جا هاتمەوە!

## نادرمستەفازادە ـ ڕەحیمخان:

کابرایەکی چەوەندەرکار، چەوەندەرەکەی نەخۆشی دەگرێ؛ سێ چوار گەڵا لێ دەکاتەوە و دەیبا بۆ شەریکەیەک کەوا کاروباری چەوەندەران دەکەن. مهەندیسان دەڕژێنە سەری و چاوی لێ دەکەن و دەڵێن: وەڵا ئەوە شتێکی زۆر گرینگ نییە و لەنێو چەوەندەردا سروشتییە و ئەگەریش دەتهەوێ دڵنیا بی ئێمە مهەندیسمان هەیە لەگەڵ خۆتی بەرە با چاوی لێ بکا.

ئەویش ماشین دێنێ و لە پێشێ سواری دەکا و دەکەونە ڕێ. مهەندیسە لە نزیک ئاوایی هەر شیناوەردێکی بڵیند و باش دەبینێ، دەڵێ: ئەوە هەوە؟

کابرا دەڵێ: نا جارێ ماومانە.

تا دەگەنە مەزرایەکی توتون و دەڵێ ئیدی ئەو گەڵا پانە دەبێ هەو بێ!

کابرا کە تەواو توورە ببوو، دەڵێ: بەڵێ بەڵێ خۆیەتی!

دێنە خوارێ و هێندێکی چاو لێ دەکا و دەڵێ: وەڵا خۆ چەوەندەرەکەت شکور زۆر جوانە!

ئەویش دەڵێ: ئەرێ وەڵا جوانە!

دوو سێ گەڵا لێ دەکاتەوە و بەرەو کلینیکی چەوەندەر دەکەوێتە ڕێ.

مهەندیس کاتێک دەگاتەوە گەڵاکانیان دەداتە دەست و دەڵێ: وەڵا خۆ شکور چەوەندەرەکەی زۆر جوانە و هیچی نییە و ئەو چەند گەڵایەشم هێناوەتەوە.

ئەوانیش کە چاوی لێ دەکەن، دەڵێن: کورە خۆ ئەوە گەڵای توتنە!

دەڵێن حاجی باشە بۆ نەتبردۆتە لای چەوەندەرەکەت؟!

ئەویش دەڵێ: جا کاکە، مهەندیسێک بێ و چەوەندەر و توتن لێک نەکاتەوە ئێستا چۆن لە نەخۆشییەکەی دەگا؟!

## هێمن دیبا:

کاک شەماڵ گێڕایەوە: لە ئاوایی کەرێزەی ئەیوبی (گڵی)، دوو/ سێ پیاوی میاندواوی هاتبوون بۆ دروێنەی گەنم و جۆ، لەو کاتە دروێنەی کۆمپاین لە زۆر ناوچە خەون بوو. جا کاریان بۆ کاک محەممەدی .... دەکرد و کاک محەممەدیش دوای تەواوبوونی کاری ڕۆژی هەوەڵ بە کاریگەرەکانی کوتبوو: با بێنین کاری ئەورۆمان لێک دەینەوە و کابرا میاندواوییەکانیش کوتبوویان: "نا ببم، ئیستا زوورە، بە تەمامی بکم، حیسابی دەیکەینەوە".

کاک محەممەدیش لێیان گەڕا تا حەفتەیەک کە کارەکەیان تەواو کرد جا پێی کوتن: وەرن با حیسابی کەین؛

دانیشتن بۆ لێکدانەوەی کارەکە و کاک محەممەد پێی کوتبوون ڕۆژی یەکەم بایی ئەوەندەتان شت خواردووە و کرێی جێی خەوەکەتان دەکاتە ئەوەندە و... و ڕۆژی دووەم بایی ئەوەندە و ڕۆژی سێیەم و... بەو جۆرە تا ڕۆژی کۆتایی بۆیانی لێک داوە. وا دەرکەوت کە میاندواوییەکان قەرزداریش دەبن ئەگە بەو جۆرە بێ. کاک محەممەد دەچێتەوە تا چای ئێوارەیان بۆ بێنێ کە دێتەوە دەبینێ هەر داس و کراس و مەڵەغانە لەولا و لەولا فڕێ دراوە و دەزانێ کە ئەوان هەڵاتوون و تەنانەت مەڵەغان و داس و کەلووپەلەکانیشیان لە ترسی قەرزان بەجێ هێشتبوو ، کوتی: حەک بڵێم خودا چتان لێ بکا کابرای خوێڕی، خۆ من ئەو حیساباتم بە شۆخی بوو...!

## کامیل بۆکانی:

تەمەنم شەش ساڵ بوو. بەیانییەک من و دایکم و ئامۆژنم چووینە ماڵی کاک مەحموود؛ کاک مەحموود خزممانە، ژنەکەی خاڵۆزای بابمە. ئەوکات تازە ماڵیان هاتبووە بۆکان. هەڵبەت لەمێژ ساڵە دیسان چوونەتەوە بۆ مهاباد. نازانم پێش ئەوەی لە مهابادەوە روو لە بۆکان بکەن چکارە بووە بەڵام دەیانکوت هەرچی پووڵ و سەرمایەی هەیبووە لەکیسی چووە. لە نزیک بۆکان لەو دەشتەی پشت میراوا، نەفەرێک خانوویەکی دابوویە. ئەویش ژوورێکی بۆخۆیان ئاوەدان کردبووەوە و ژوورەکانی دیکەی پڕ کردبوو لە جووجکەی چکۆلەی سپی. پێم وایە بەتەما بوو بەخێویان کا و کە گەورە و قەڵەو بوون بیانفرۆشێ. لە حەوشەی ماڵەکەشیان چوار پێنج مریشکی کوردییان هەبوو.

ئەوڕۆژە لە بەیانییەوە لەو حەوشەیە هەر بەدوای مریشکانەوە بووم. ئاخری سەرم بە کولانەکەیان داکرد و سێ چوار هێلکەم تێدا دیتەوە و دەرمهێنان. بەڵام پێیان زانیم و منیش دەستم کرد بە هاتوهاوار و شین و گریان و ئاخری بە زۆری هێلکەیەکم لێ ئەستاندن. زۆرم پێ جوان بوو، هەر بە دەستمەوە بوو. نیوەڕۆش لە کاتی نان خواردندا لە کۆشی خۆمم نابوو نەکا لێم بشارنەوە. ئیدی وازم لە مریشکەکان هێنا و بۆخۆم بە دیار ئەو هێلکە جوانەوە حاوابوومەوە. لای ئێوارێ کە هەستاین بڕۆینەوە کاک مەحموود کوتی تا سەر جاددەکە لەگەڵتان دێم. ماڵەکەیان زۆر لە شار دوور بوو و دەبوایە لە سەر جاددەی بۆکان – مهاباد سواری ئەو ماشێنانە بین کە لە لای مهابادەوە دەهاتنەوە بەرەو بۆکان.

گەیشتبووینە سەر جاددەکە و چاوەڕێی ماشێن بووین. کاک مەحموود و دایکم و ئامۆژنم خەریکی قسەکردن بوون. هێلکەکەم هەر بە دەستەوە بوو. لە بەیانییەوە فکرم لەوە دەکردەوە چی لەو هێلکەیە بکەم. لە دوورەوە لە لای مهابادەوە نیسانێکی شین بەرەو لای ئێمە دەهات. لە ناکاو بیرێک بە مێشکم داهات. فکرەکەم هێنایە سەر زمانیش. کوتم ئەو هێلکەیە بەو ماشێنە دادەدەم. کەس هیچی نەکوت. نازانم گوێیان لێ نەبوو یا پێیان وانەبوو بە ڕاستم بێ. بەڵام من وام دانا مادام هیچیان نەکوت کارەکەم غەڵەت نییە. هێلکەکەم بە دەستی ڕاستم گرت و قاچی چەپم لە عەرز توند کرد. نیسان بە خێراییەکی زۆر دەهات. لەگەڵ نزیکبوونەوەی بە هەموو هێز و توانای خۆم هێلکەم بە شووشەی پێشی نیسانەکەدا دا. کابرای شۆفیر وا پەشۆکا فەرمانی لە دەست دەرچوو. ماشێنەکەی چوار پێنج جار ئەمبەر و ئەوبەری جادەی کرد و دووسەد سێسەد میتر لەولاتر ڕایگرت و زۆر بەخێرایی پاشەوپاش بەرەو ئێمە گەڕاوە. کابرا بەتووڕەیی دابەزی. لە تووڕەیی و لە ترسان زمانی تەتەڵەی دەکرد. وەک مێژمێژۆکە هەڵدەلەرزی. کاک مەحموود کە کورتەباڵا و وردیلە بوو لە پشت دایکم و ئامۆژنم خۆی شاردبۆوە.

کابرا پشوویەکی هێناوە بەر خۆی کوتی ئەوە چ بوو پێتان دادام. دایکم کوتی کاکە گیان خەجاڵەتم ئەوە ئەو منداڵە هێلکەیەکی بە دەستەوە بوو ئاگام لێ نەبوو بە ماشێنەکەی تۆی دادا. کابرا بەر بووە جنێودان بە بابم و ئابا و ئەژدادم بۆ تەربیەتم. پاشان کوتی ئاخر دایکم منداڵ چۆن دەبی ئاوا بێ، خودا ڕوحمی کرد ماشێن لە بەرامبەرمەوە نەدەهات دەنا خوێنێکیشم تووش دەبوو. دایکم کە هیچ چارەی نەمابوو کوتی کاکە گیان چ بکەم، ئەو منداڵەم تەواو نییە. شێتە و خودا وای دروست کردووە. خودا ڕوحمی پێ بکا و لە منی بستێنێ. کابرا کوتی جا خوشکەکەم ئەگەر شێتە بیبەستنەوە. بە زاتی خودا ئەو منداڵە ئەگەر خۆشی بە کوشت نەدا دەبێتە باعیسی نەفەرێک و قوڕ وەسەر ئێوەش دەکا.

کابرای شۆفیر ڕۆیشت سواری ماشێنەکەی بۆوە و بە دایکم و ئامۆژنم وەرگەڕانە من. کاک مەحموودیش ڕاوەستابوو و چاوی لێ دەکردن. زۆر چاکیان لێدام بەڵام ئیستاش کە پاش ئەو هەموو ساڵە بیری لێ دەکەمەوە، دەڵێم خەتای خۆیان بوو. ئەمن پێم کوتن بەتەمای چیم بەڵام کەس بە منی نەکوت ئەو کارە مەکە.

- **سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک:** "[کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"]

